زانکۆی سەلاحەدین - هەولێر

# ڕۆڵی پارتە سیاسییەکان لە نوێنەرایەتی پێکهاتەکان لە هەرێمی کوردستانی عیراق

# (پارتی بەرەی تورکمانی بە نمونە)

پرۆژەی دەرچوونە پێشکەش بە بەشی (زانستە سیاسییەکان) کراوە، وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە زانستە سیاسییەکان

ئامادەکراوە لەلایەن قوتابی:

یاد لوقمان محمدعلی

بەسەرپەرشتی:

د. پەروێز رەحیم قادر

٢٠٢١ _ ٢٠٢٢

يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُم مِّن ذَكَرٍ وَأُنثَىٰ وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا

ئەی خەڵکینە بێگومان ئێمە هەمووتانمان لەنێرو مێیەک دروستکردووە و کردوومانن بەچەندەها گەل و تیرە و هۆزی جۆربەجۆر، تا یەکتر بناسن و پەیوەندیتان خۆش بێت بەیەکەوە...

O mankind, We have created you male and female, and appointed you races and tribes, that you may know one another

Ey insanlar! Doğrusu biz sizi bir erkekle bir dişiden yarattık. Ve birbirinizle tanışmanız için sizi kavimlere ve kabilelere ayırdık.

القرآن (٤٩:١٣)

پێشکەشە بە :

هەموو گەلانی کوردستان، کە لە سایەی نیشتیمانێکی بێ دەوڵەتدا جوانترین نمونەی پێکەوە ژیانیان پێشکەش کردووە.

هەموو ئەوانەی گیانی پێکەوەژیان و ئاشتی لەنێو کۆمەڵگادا بڵاودەکەنەوە..

دایك و باوکی ئازیز و بەڕێزم و گشت مامۆستایانم لە کۆلێژی زانستە سیاسییەکان..

## پێرست


| ژ | بابەت | لاپەرە |
|---|---|---|
| * | **پێشەکی** | ١ |
| ١ | **پێکهاتەکان و نوێنەرایەتی سیاسیان لە هەرێمی کوردستان** | ٨ |
| ١-١ | ناساندنی پێکهاتەکان لەهەرێمی کوردستانی عیراق | ٨ |
| ١-٢ | چوارچێوەی یاسایی مافی پێکهاتەکان لەهەرێمی کوردستانی عیراقدا | ١١ |

| | | |
|---|---|---|
| ٣-١ | پێکهاتەی تورکمان لە هەرێمی کوردستانی عیراق | ١٧ |
| ٢ | **رۆڵ و نوێنەرایەتی سیاسی پێکهاتەی تورکمان لە هەرێمی کوردستان** | ٢٣ |
| ٢-١ | ناساندنی پارتی بەرەی تورکمانی | ٢٤ |
| ٢-٢ | پەیوەندییە دەرەکییەکانی پارتی بەرەی تورکمانی | ٢٧ |
| ٢-٣ | نوێنەرایەتیکردنی سیاسی پێکهاتەی تورکمان لەلایەن پارتی بەرەی تورکمان:(شیکردنەوە و هەڵسەنگاندن) | ٣٠ |
| | **دەرەنجام** | ٣٦ |
| | **پێرست** | ٣٨ |

## پێشەکی

هەرێمی کوردستانی عێراق، لەرووی دانیشتوانەوە فرەرەنگی ئاینی و نەتەوەیی تێدایە و چەندین پێکهاتە و کەمینە تێیدا دەژین، وەک تورکمان، کلد، ئاشور، ئێزیدی، کاکەیی، زەردەشتی و ئەرمەن. پێکهاتەکانیش وەک مافی سروشتی و یاسایی و سیاسی خۆیان لەدوای پێکهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ١٩٩٢ەوە مافی نوێنەرایەتیکردنی خۆیانیان پێدراوە و پراکتیزەی دەکەن، چونکە هەرێمی کوردستان لەسەرەتای دروستبوونیەوە بەرەو پراکتیزەکردنی سیستەمی دیموکراسی چوو، دامەزراندنی پەرلەمان و فرەیی پارتەکان و بەشداری کردنی تەواوی پێکهاتەکان لە خاسیەت و تایبەتمەندی پرۆسەی دیموکراسییە، کەواتە هەر پێکهاتە و بۆ بەرجەستەی دیدگای سیاسی خۆی لەرێگای پارتی سیاسی تایبەت بەخۆیەوە هاتەپێش و لەدوای راپەرین و دەرچوون لەژێر رکێفی دەسەڵاتداری رژێمی بەعس، چەندین پارتی سیاسی بۆ نوێنەرایەتییان دروستبوو. لە پەرلەمانی کوردستاندا، کورسی کۆتا بۆ پێکهاتەکان دیاریکرا و هەرپێکهاتەیە و بەپێی رێژە کورسی بۆ دابین کرا، ئەمەش هاوشێوەی زۆرێك لە ئەزمونە دیموکراسییەکانی تری جیهانە و وەك پێویستییەك بۆ جێبەجێ کردنی پرۆسەی دیموکراسی سەیر کرا، بۆیە پێکهاتەی تورکمان پێنج کورسی و پێکهاتەی مەسیحی پێنج کورسی و پێکهاتەی ئەرمەن یەک کورسی بۆ دانراوە، ئەمەش بەپێی یاسای ژمارە ٢ی ساڵی ٢٠٠٩ پەرلەمانی هەرێمی کوردستان کە هەمواری چوارەمی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان - عیراقی کرد. چونکە لە سەرەتادا هێزە تورکمانەکان رەتیان کردەوە کە بەشداری بکەن لە پرۆسەی سیاسی لە هەرێمدا، بۆیەش توێژینەوەکەی ئێمە فۆکس دەخاتە سەر پێکهاتەی تورکمان بە شێوەیەکی تایبەتتر لە پێکهاتەکانی تری هەرێم، و لێکۆڵینەوە دەربارەی نوێنەرایەتی کردنی هێزی سیاسی پێکهاتەکان دەکەین بۆ پێکهاتەکانیان و لەنێوانیشیاندا پارتی بەرەی تورکمانی.

## گرنگی توێژینەوە

پێکهاتەکان گرنگی خۆیان هەیە لە هەرێمی کوردستاندا، هەم لەرووی ناوخۆیی کە خەڵک و هاوڵاتی خۆیان هەیە و بەم پێیەش کاریگەری گرنگ و راستەوخۆیان بەسەر سەقامگیری کۆمەڵگا و پرۆسەی سیاسیدا هەیە لە ناوخۆی هەرێمدا، هەم لەرووی دەرەکییەوە هەریەک لەو پێکهاتانە پەیوەندی نێودەوڵەتی هەیە، بۆ نمونە پارتە تورکمانەکان لەگەڵ تورکیا و پارتە کلد و ئاشوریەکان لەگەڵ فاتیکان و هتد، بۆیە توێژینەوە لەسەر ئەو پێکهاتانە و پارتەکانیان گرنگی خۆی هەیە بۆ توێژەر و خوێندکاری زانستە سیاسییەکان، نمونەی ئێمە لەم توێژینەوەدا پارتی بەرەی تورکمانییە. بۆیە گرنگی توێژینەوەکەمان لەم خاڵانەدا دەخەینە روو :

١ .گرنگی پێکهاتەکان و فراوانی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ وڵاتانی هەرێمایەتیدا.

٢ .کاریگەری هەبوونیان لەسەر بنەمای ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی و سەقامگیری کۆمەڵگا و کلتوری پێکەوەژیان و یەکتر قبوڵکردن و دیموکراسی و چەمکی هاوڵاتیبوون.

٣ .گرنگیپێدانی پێکهاتەکان لەلایەن کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمەوە و دانانی وەزیر و دۆسیەیەک بەناوی دۆسیە و وەزیری پێکهاتەکان، کە پارتی بەرەی تورکمانی پشکی وەزارەتەکەی بەرکەوتووە.

## ئامانجی سەرەکی توێژینەوە

ئامانجی سەرەکی لە توێژینەوەکەماندا دەرخستنی رادەی نوێنەرایەتیکردنی پارتەکانە بۆ پێکهاتەکان لە هەرێمدا بە گشتی و پارتی بەرەی تورکمانی بەتایبەت چونکە نوێنەرایتیکردنی پێکهاتەکان لەلایەن پارتی سیاسی رەنگدانەوەی فرەیی کۆمەڵگایە و کاریگەری لەسەر پرۆسەی سیاسیدا دەبێت، لە راپۆرتێکی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکادا بەستایشەوە باسی گرنگیپێدانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان کراوە بۆ مافی پێکهاتەکان و کردنەوەی دۆسیە و وەزارەت بۆ ئەو پرسە، بۆیە ئامانجی ئێمە تیشکخستنە سەر رۆڵی ئەم پارتانەیە لەنوێنەراتی سیاسی پێکهاتەکان لەهەرێمی کوردستان، و پاشان شیکردنەوەی رۆڵ و کاریگەری پارتی بەرەی تورکمانییە لە نوێنەرایتیکردنی پێکهاتەی تورکمان وەکوو نموونەک لەو پارتانەی کە نوێنەرایەتی پێکهاتەیەک دەکەن لە هەرێمی کوردستاندا.

## پرسیاری توێژینەوە

پرسیاری سەرەکی: لە هەرێمی کوردستان-عێراق پارتەکان تا چەند سەرکەوتووبوونە لە نوێنەرایەتیکردنی پێکهاتەکانیان؟

پرسیارە لاوەکییەکان :

١ . بارودۆخی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، کەلتووری پێکهاتەکان و چوارچێوەی یاسایی مافی پێکهاتەکان لە هەرێمی کوردستان چۆنە؟

پارتەکان بەگشتی و پارتی بەرەی تورکمانی بەتایبەتی تاچەند نوێنەرایەتی پێکهاتەکەی خۆیان دەکەن؟

٢. پەیوەندی پارتەکانی تایبەت بە پێکهاتەکان بەگشتی و پارتی بەرەی تورکمانی بەتایبەتی لەگەڵ وڵاتانی هەرێمایەتی و لە ئاستی نێودەوڵەتی چ کاریگەرییەکی لەسەر پێگە و رۆڵی پێکهاتەکان لە هەرێمی کوردستان دا هەیە؟

٣ . پێگە و رۆڵی پارتی بەرەی تورکمانی لەناو پێکهاتەی تورکمان و پاشان لەناو حکومەت و پەرلەمانی کوردستان و دامەزراوەکانی تر لە چ ئاستێکدایە ؟

## گریمانەی توێژینەوە

-گریمانەی سەرەکی : پێکهاتەکان لەرێگای پارتە سیاسیەکانیانەوە نوێنەرایەتیێکی دەکرێن لە پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستاندا. بەڵام فرەپارتی بوونی پێکهاتەکان نوێنەرایەتییەکەیانی ڕووبەڕووی ئاڵنگاری کردۆتەوە

-گریمانەی لاوەکی : پارتە سیاسیەکانی پێکهاتەکان پەیوەندییان هەیە لەگەڵ وڵاتانی هەرێمایەتی، بەڵام ئەم پەیوەندییە پارتەکانی لە نوێنەرایەتی کردنی دانەبریوە لە پەرلەمان و حکومەتدا و پارتی بەرەی تورکمانی پەیوەندییە دەرەکییەکانی وای نەکردوە کە نوێنەرایەتی راستەقینە نەکات.

واتە ئێمە لەم توێژینەوەیەماندا گریمانەی ئەوە دەکەین کە پارتەکانی پێکهاتەکان نوێنەرایەتی کردنیان بۆ پێکهاتەکانی خۆیان لە ئاستێکی باش دایە، وە پەیوەندی دەرەکی پارتی پێکهاتەکان کاریگەری لەسەر نوێنەرایەتی کردنییان بۆ پێکهاتەکانیان هەیە بەڵام ئەمە لە نوێنەرایەتی کردنی پێکهاتەکانی خۆیان دایاننابڕێت.

## میتۆدی توێژینەوە

لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی وەسفی شیکاری بەکارهێنراوە و بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکانیش بە پلەی یەکەم و زۆربەی سەرچاوەکان چاوپێکەوتن بووە لەگەڵ کەسانی پسپۆر و تایبەتمەند بە پرسی پێکهاتەکان، پاشان سەرچاوەکانی کتێبخانە و ئەنتەرنێت. کەواتە بەشێك لە سەر چاوەکان سەرچاوەی دەستی یەکن (first hand date)

## پێکهاتەی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە جگە لە پێشەکی و دەرئەنجام، لە دوو بەشی سەرەکی و چەند باسێک پێکدێت: لە بەشی یەکەمدا ناساندنی پێکهاتەکان لە هەرێمی کوردستاندا و چوارچێوەیی یاسایی مافی پێکهاتەکان لە هەرێمدا دەخەینە روو پاشان تیشك دەخەینە سەر پێکهاتەی تورکمانی لە هەرێمی کوردستانی عیراق.

لە بەشی دووهەمی توێژینەوەکەدا : رۆڵ و نوێنەرایەتی سیاسی پێکهاتەی تورکمان لە هەرێمی کوردستاندا دەخرێتە بەر باس، (case study) ئێمە لەم توێژینەوەیەدا پارتی بەرەی تورکمانی یە بۆیە ناساندنی پارتی بەرەی تورکمانی و پەیوەندییە دەرەکییەکانی پارتەکە دەخرێنە روو، پاشان پرسی نوێنەرایەتی سیاسی پێکهاتەی تورکمان لەلایەن پارتی بەرەی تورکمانییەوە شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێت.

پێشنیار و دەرەنجام و لیستی سەرچاوەکان کۆتا بەشی توێژینەوەکەیە.

## بەشی یەکەم : پێکهاتەکان و نوێنەرایەتی سیاسیان لە هەرێمی کوردستان

### باسی یەکەم : ناساندنی پێکهاتەکان لەهەرێمی کوردستانی عیراق

هەرێمی کوردستان- عیراق، کە لە ساڵی ١٩٩٢ لە دەرەنجامی شۆرشی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد و گۆڕانکارییە هەرێمایەتییەکان هاتە بوون، کۆمەڵێك نەتەوەی جیاجیای تێدا دەژین، وەك سیمای نەتەوە : زۆرینە کورد و بە جیاش هەریەك لە کلد و ئاشور و سریان و تورکمان و ئەرمەنی تێدا دەژیت و وەك سیمای ئاینی : موسڵمان, کریستیان, ئێزیدی, زەردەشتی, جوو و سابیئەی مندائی[١] و کاکەیی تێدایە، هیچ ئامارێکی ورد و دروست و زانستی لە بەردەستدا نییە بۆ زانینی ژمارەی ئەو گروپانە و زیاتر لەرێگای مەزەندەکردنەوەیە[٢]، ئەمەش بە هۆکاری داپڵۆسەری رژێمی پێشووتر (بەعس) لە ئاماردا و گۆرینی شوناسی نەتەوەکانی عیراق و ئەنجامنەدرانی سەرژمێرییێکی دروست تا ئێستا.

بەڵام لە باسکردنی پێکهاتەکاندا یەکەمین پرسیار کە دێتە بەردەم ئەوەیە کە ئایا پێناسەی پێکهاتە چییە؟ ئینسکلۆپیدیای بریتانیاکا پێناسەی پێکهاتەکان دەکات بەوەی کە : (بریتین لەو گروپانە لە نەتەوە و گەلە جیاوازەکان لە رووی رەگەزی _ نەژادی _ ئایینی یان زمان یان نەتەوایەتی لە تەواوی تاکەکانی تری ئەو کۆمەڵگایەی تیایدا دەژین جیا دەکرێنەوە)[٣]. ئینسکلۆپیدیای لاروسی فەرەنسی دەڵێت : پێکهاتەکان ئەو گروپانەن کە کەمترین هەژموون و کاریگەرییان هەیە لەرووی ژمارەوە بە جۆرێك کە جگە لە چەند دەنگێکی کەم کاریگەرییان نییە[٤] ئینسکلۆپیدیای نێودەوڵەتی بۆ زانستە کۆمەڵایەتییەکان دەڵێت : (پێکهاتەکان کۆمەڵێکن لە تاکەکان کە لە تەواوی تاکەکانی تری

---

[١] دیدار لەگەڵ مەریوان نەقشبەندی ، وتەبێژی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی حکومەتی هەرێمی کوردستان - ( ٢٠٢٢/١/٢٢)

[٢] سعد سلوم ، الاقلیات فی العراق . مؤسسه مسارات للتنميه الثقافية و الاعلامية . ٢٠١٣

[3] https://www.britannica.com/topic/minority

[٤] موفق محمد , فهوم الأقلية . وتعريفها في المواثيق الدولية، الحوار المتمدن، ( ٢٠١٦ / ١٠ / ٢٨)، العدد: ٣١٦٨ على الموقع : http://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=233349 .

کۆمەڵگا لەڕووی ڕەگەزی و نەتەوەیی یان ئاینی و ئاخاوتنەوە جیا دەکرێنەوە و دەناڵێنن بەدەست کەمی ڕێژەیی لە هێز و کاریگەری)[٥] لە فەرهەنگی چەمکە سیاسییەکانیشدا هاتووە کە مانای کەمینە و پێکهاتەی ڕەگەزی واتا : (گروپێکی مرۆڤ کە لە کۆمەڵێك پەیوەندیدا هاوبەشن هاوشێوەی ئاین و زمان و پەیوەندی ناوچەیی، بۆیە لەلای تاکەکانی ئەو گروپە هۆشیاری بە بوونی جیاوازییان لەوانیتر دروست دەبێت ئەمەش وادەکات پارێزگاری لە تایبەتمەندی سیاسی خۆیان بکەن لەسەر بنەمای ڕەگەزی و ناوچەیی)[٦].

کاتێك کۆمەڵێك پێناسە بۆ پێکهاتە و پێکهاتەکان خرایەڕوو، دەبێت لەڕووی یاساییشەوە باس بکرێت و مافی پێکهاتەکان روون بکرێتەوە، نەتەوەیەکگرتووەکان ئاماژە بە مافی پێکهاتەکان دەکات و لە بڕیاری ژمارە ١٣٥/٤٧ لە بەرواری ١٨/١٢/١٩٩٢ کۆمەڵەی گشتی دەڵێت : لەو دەوڵەتانەی کە پێکهاتەی ئاینی زمانی یاخود ڕەگەزی بوونیان هەیە، پێویستە تاکەکانی کەمایەتییەکان رێز لێبگیرێن و ڕێگریان لێ نەکرێت لە بەدەستهێنانی مافەکانیان، بە مەبەستی ئەنجامدانی کەلتور و ئاین و زمانی تایبەت بە خۆیان[٧]

عێراق لە کۆندا و هەرێمی کوردستان وەك بەشێك لێی، لانکەی لەخۆگری پێکهاتە ئاینی و مەزهەبی و نەتەوەیی و رەگەزییە، هەندێك لەو پێکهاتانە مێژوویان بۆ ماك و ئەسڵی سەردەمی دۆڵی دووروبار (رافیدین) دەگەڕێتەوە و بەشێکیان پێکهاتەی مێژووی نوێ کە لە وێستگە جیاجیاکانی مێژوو لە عیراق و کوردستاندا نیشتەجێ بوون[٨].

**١. تورکمان :** نەتەوەی تورکمان لە عێراقدا لە دوای پێکهاتەی عەرەب و کوردەوە گەورەترین پێکهاتەی عێراقیە[٩]، هەرچەندە ئامارێکی ورد فەرمی بەردەست نییە دەربارەی ژمارەی تورکمانەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان، بەڵام بەپێی ئاماری ساڵی ١٩٥٧ کە تا ئێستا لە عێراقدا پشتی پێ دەبەسترێت ڕێژەی تورکمان (٢.٣%)ی دانیشتوانی عێراقی پێکهێناوە. سەرەتای

---

[5] https://www.sciencedirect.com/referencework/9780080430768/international-encyclopedia-of-the-social-and-behavioral-sciences

[٦] محمد عاشور مهدی، التعددیة الاثنیة إدارة الصراعات و استراتیجیات التسویة، القاهرة، المركز العلمي للدراسات السیاسیة ٢٠١٢

[7] International Covenant on Civil and Political Rights, -5 General Assembly resolution 2200A, OHCHR, , Retrieved from; https://www.ohchr.org/en/professiona linterest/pages/cc pr.aspx

[8]https://studies.aljazeera.net/ar/article/4691?fbclid=IwAR1hDqXoGACfvdoymiMfIdsGqRljARD9B3YdCxh06jle3hF0p3AtWGFMlqU#a4

[٩] سعد سلوم ، الاقلیات فی العراق ، لبنان : مؤسسهة مسارات للتنمیة الثقافیة و الاعلامیة . ٢٠١٣

نیشتەجێبوونیشیان دەگەڕێتەوە بە سەدەی یەکەمی کۆچی، لە درێژایی مێژووش لە ناوچەکە ڕۆڵی جیاوازیان گێراوە[10]، بەشی زۆریشیان نیشتەجێی ئەو ناوچانەن کە بوونە بە هێڵی جیاکەرەوەی نەتەوەی عەرەب کورد، کە بریتین لە شارەکانی کەرکوک، دیالە، نەینەواو باکوری بەغداد، هەروەها ناوچەکانی جەلەولا، سەعدییە، کفری، سلێمان بەگ، دوز، یەنگیجە، داقوق، تەلەعفەر[11].

**٢. مەسیحییەکان:** مەسیحییەکان پێکهاتەکی گرنگ و کۆنی ئەم ناوچەیەن و سەرەتای نیشتەجێبوونیان لەگەڵ سەرەتای سەرهەڵدانی ئاینی مەسیحییە لە سەدەی یەکەمی زاینی، بەڵام بەردەوام لە عێراقدا ژمارەی ڕووی لە کەمبوونەوە کردووە، بەتایبەت لەدوای پرسەی ئازای عێراقەوە ٨٣٪ ژمارەیان کەمبووەتەوە، بەجۆرێک لە ١ ملیۆن و پێنج سەد هەزار مەسیحی کەمبوونەتەوە بۆ نزیکەی (٢٥٠-٥٠٠) هەزار کەس.

هەرێمی کوردستان چەند پێکهاتە و کەمینەی دیکەش لەخۆ دەگرێت وەك (شەبەك و ئێزدی و کاکەیی و زەردەشتی) بەڵام هیچ وجودێکی سیاسییان نییە، و هەریەك لە پێکهاتەکانی (کاکەیی و زەردەشتی)یەکان رخنەیان هەیە لە دابین نەکردنی کورسی کۆتا بۆیان لە پەرلەمانی کوردستاندا[12]

## باسی دووهەم : چوارچێوەی یاسایی مافی پێکهاتەکان لە هەرێمی کوردستانی عیراقدا

بەپێی خوێندنەوە جیاجیاکان بۆ ئەزموونی هەندێك لە وڵاتان، ئەزموونی جۆراوجۆر لە مامەڵەکردن لەگەڵ پرسی پێکهاتەکان دەبینین. دەتوانین ئەم جۆرە ئەزموونانە بەشێوەیەکی گشتی دەستنیشان بکەین[13]:

---

[10] فارس الخطاب، الأقليات الدينية والعرقية في المعادلة السياسية العراقية، مركز الجزيرة للدراسات، على موقع الجزيرة؛ (٢٠٢٢/١/٢٠)
https://studies.aljazeera.net/ar/article/4691?fbclid=IwAR0fO9Uf_vgWDawzuCDG--hIgz6jV_GZzwjybg0QCHy-2rv92TCtapoPt7I

[11] محمد رؤوف, پێکهاتەکان: لەنێوان مەرامی سیاسیو پەراوێزخستندا ، ماڵپەری درەو ،(٢٠٢٢٩/١/١٧)
https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=8504&fbclid=IwAR0eGtTWHD3Z3Rm7x2HGBTqnKgWlhiz75BgqJfx4JMTh_zjmUkM6bqR4vTo

[12] روج نيوز- مركز الاخبار، موقع الأقليات في برلمان الإقليم ، موقع روز نيوز ، ٢٠٢٢/١/٢١
https://rojnews.news/ar/%D9%83%D8%B1%D8%AF%D8%B3%D8%AA%D8%A7%D9%86/%D9%85%D9%88%D9%82%D8%B9-%D8%A7%D9%84%D8%A3%D9%82%D9%84%D9%8A%D8%A7%D8%AA-%D9%81%D9%8A-%D8%A8%D8%B1%D9%84%D9%85%D8%A7%D9%86-/%D8%A7%D9%84%D8%A5%D9%82%D9%84%D9%8A%D9%85

[13] تیمی گەنجان و رۆژنامەنووسان لە رێکخراوی ئاشتی و ئازادی بەهاوکاری رێکخراوی (PAX)ی هۆڵەندی, (کەمینەکان و کێشەی زەوی و زار! مەسیحییەکانی هەرێمی کوردستان بە نموونە) ، راپۆرتێکی مەیدانی لەبارەی کێشەی زەوی و زار لە دۆڵی ناڵا"نەهلە"
https://www.pfo-ku.org/index.php/wtar-drasat/79-2017-05-28-18-28-41

ئەزموونی یەکەم: ئەزموونی نکوڵیکردن و هەوڵدان بۆتواندنەوە و لەناوبردنی پێکهاتەکان، ئەم ئەزموونە لەسەردەمانی پێشوو زیاتر پەیڕەویی دەکرا وەك ئەوەی کە لە عێراقی پێشوو بەرامبەر بە کورد و تورکمان و ئێزیدی و کوردی فەیلی و کلدان سریان ئاشوری و شەبەك و بەهائی کرا، یان ئەوەی بەرامبەر بە جووەکان لە ئەڵمانیای سەردەمی هیتلەر.

ئەزموونی دووەم: ئەزموونی دەرکردنی زۆرەملێیانە بەرامبەر بە پێکهاتەکان، نموونەی دەرکردنی کوردە فەیلییەکان لەسەردەمی بەعس لە عێراق.

ئەزموونی سێیەم: ئەزموونی دانپێدانەنان و بێبەشکردنی پێکهاتەکان لە ناسنامە وەك ئەوەی لە سوریا بەرامبەر بە کورد دەکرا.

ئەزموونی چوارەم: دانپێدانەنان و بێبەشکردنی پێکهاتەکان لە مافەکانیان و پەراوێزخستنیان لە رووی ئابووری و بەشداری لە ژیانی گشتی، نموونەی ئەوەی لە میسر بەرامبەر بە قیبتییەکان پەیڕەویی دەکرێت.

ئەزموونی پێنجەم: ئەزموونی پێکەوە هەڵنەکردن و بەرەو دامەزراندنی قەوارەی تایبەتی وەك ئەوەی لە سوودان کاتێك کریستانەکان لە دەوڵەتی سوودان جیابوونەوە یاخود ئەوەی لە کۆسۆڤۆ.

ئەزموونی شەشەم: ئەزموونی دیموکراسی (سازان یاخود تەوافوقی) کە پێکهاتە جیاجیاکان لەنێوان خۆیان و بە پێی دەستوور و یاسا رێکدەکەون کە دەسەڵاتەکان و کاروبار و دابەش بکەن، دیارە ئەمەش بێ گرفت نییە و ئەوەتا لوبنان لەبەردەم چەندین هەڕەشەی جددیدایە.

ئەزموونی حەوتەم: ئەزموونی ئەو وڵاتانەی کە سیاسەتی حکومی تایبەتیان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ پرسی پێکهاتەکان هەیە، کە بەشێوەیەك لە شێوەکان ئەزموونی سەرکەوتوون، ئەوانەش چەند شێوەیەکن:

١. جۆری یەکەمیان ئەوەیە کە حکومەت چەندین دامەزراوە و دەزگای تایبەتی هەیە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ پرسی پێکهاتە نەتەوەیی و ئیتنییەکان و پێکهاتەکانی دیکە، زۆرتر لە وڵاتانی ئەوروپای رۆژئاوا دەبینرێت.

٢.-جۆری دووەم ئەو وڵاتانەیە کە نەتەوەیەك زۆرینەیە، بەڵام کەمینەشی تێدایە، بۆیە هەڵدەستن بە دەستنیشانکردنی مافی پێکهاتەکان بەدیاریکراوی بە پێی یاسا و رێکارەکان، ئەم نموونەیە زیاتر لە ئەڵمانیا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەبینرێت.

٣. ئەو وڵاتانەی کە سیاسەتێکی دیاریکراوی نیشتمانیان هەیە و هیچ جۆرە یاسا و رێکارێکی تایبەتیان بۆ پێکهاتەکان و نەتەوەکانی دیکە نییە، وەك ئەوەی لە ژاپۆن هەیە.

ئەزموونی هەشتەم: ئەزموونی ئەو وڵاتانەی کە هیچ سیاسەتێکی تایبەتیان لەسەر ئاستی دەوڵەت نییە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ پرسی نەتەوەکان و پێکهاتەکان، بۆ نموونە ئەوەی لە تورکیای ئێستا

هەیە. لەکاتی روودانی هەر گرفتێکیش لەسەر ئاستی پێکهاتەکان وەك رووداوێك مامەڵەی لەگەڵ دەکەن بە شێوەیەکی هەڕەمەکی[١٤].

بەهۆی نەبوونی دەستوورێك لە هەرێمی کوردستان، زیاتر لە یاسایەکمان هەیە کە دەرچووە لە پەرلەمانی کوردستان و کاروباری پێکهاتەکان رێکدەخات[١٥]، لەوانە:

١. یاسای وەزارەتی پەروەردی حکومەتی هەرێمی کوردستانی-یاسای ژمارە ٤ی ساڵی ١٩٩٢ و هەموارەکانی[١٦].

٢. یاسای وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی حکومەتی هەرێمی کوردستان- یاسای ژمارە ٧ی ساڵی ١٩٩٢ و هەموارەکانی[١٧].

٣.- یاسای وەزارەتی رۆشنبیری و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان-یاسای ژمارە ١١ی ساڵی ١٩٩٢ و هەموارەکانی[١٨].

٤.-یاسای هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان-یاسای ژمارە ١ی ساڵی ١٩٩٢ و هەموارەکانی[١٩].

٥. یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان-یاسای ژمارە ٣ی ساڵی (٢٠٠٩) [٢٠]

٦.-یاسای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی لە هەرێمی کوردستان-یاسای ژمارە ٤ی ساڵی (٢٠١٤)[٢١].

٧. یاسای زمانە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان-یاسای ژمارە ٦ی ساڵی(٢٠١٤) [٢٢].

٨. یاسای پاراستنی مافی پێکهاتەکان لە هەرێمی کوردستان-یاسای ژمارە ٥ی ساڵی (٢٠٠٩).[٢٣]

٩. یاسای ئەنجومەنی کاروباری پێکهاتەکان لە هەرێمی کوردستانی عیراق (٢٠١٧) [٢٤].

---

[١٤] فرهاد حسن عبداللە, بەشداری پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان لە پرۆسەی سیاسی : کۆسپەکانی بەردەمی و سینارۆیەکانی ئایندە ، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان ، ٢٠١٩

[١٥] دیدار لەگەڵ بڕوا بۆسکورت - وتەبێژی نوسینگەی وەزیری کاروباری پێکهاتەکان و فەرمانبەری راسپێردراوی وەزیری پێکهاتەکان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان ٢٠٢١/١٠/٣١

[16]see: https://www.parliament.krd/media/3919

[17]see: https://www.parliament.krd/media/3922

[18] see :https://www.parliament.krd/media/3926

[19]see:https://www.parliament.krd/media/3916

[20] see : https://www.parliament.krd/media/2349/

[21]see: https://www.parliament.krd/media/3983

[22]see: https://www.parliament.krd/media/2163/

[23] see: https://www.parliament.krd/media/2346

[٢٤] پرۆژەیاساکان ٢٠١٧ وێبسایتی فەرمی پەرلەمانی کوردستان https://www.parliament.krd/business/draft-

له دووتوێی ئەو یاسایانە، ئەم مافانە بۆ کەمینە و پێکهاتە ئاینی و نەتەوەییەکان دەبینین[٢٥]: یەکەم: لەیاسای وەزارەتی پەروەردەدا دان بە مافی خوێندن بۆ کلدانی و سریانی و ئاشوری و تورکمانی دەنێت و لە ناوەندی وەزارەت دوو بەڕێوەبەرایەتی هەیە کە یەکێکیان سەرپەرشتی خوێندنی تورکمانی و ئەوی دیکەیان سەرپەرشتی خوێندنی کلدانی سریانی ئاشوری دەکات و چەندین قوتابخانە لەژێر سەرپەرشتی ئەو بەڕێوەبەرایەتییانەدایە لە هەرێمی کوردستاندا.

دووەم: لە یاسای وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی هەرێمی کوردستان دوو بەڕێوەبەرایەتی گشتی بۆ پێکهاتەکان هەیە یەکەمیان بۆ ئێزیدییەکان و دووەمیان بۆ کریستیانەکان کە سەرپەرشتی لایەنی ئاینی ئەو دوو پێکهاتەیەی کوردستان دەکات و دوای ساڵی ٢٠١٥ لێژنەیەك بۆ نوێنەری هەموو ئاینە هەبووەکان لەکوردستان پێکهێنراوە.

سێیەم: بەپێی یاسای وەزارەتی رۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان ژمارە ١٤ی ساڵی ٢٠٠٧ هەیکەلیەتی وەزارەتی رۆشنبیری لە ژمارەیەك بەڕێوەبەرایەتی گشتی پێکدێت، کە دووانیان تایبەتن بە پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینییەکان. یەکەمیان بەڕێوەبەرایەتی گشتی رۆشنبیری و هونەریی سریانییە کە لەوەتەی ساڵی ١٩٩٦وە دامەزراوە و ئەوی دیکەیان بەڕێوەبەرایەتی گشتی رۆشنبیری و هونەریی تورکمانی. هەردوو بەڕێوەبەرایەتییەکە گرنگی بە لایەنی رۆشنبیری و هونەریی پێکهاتەی سریانی و کلدانی و ئاشوری لەلایەك و لەلاشەوە گرنگی بە رۆشنبیری و هونەریی تورکمان دەدات[٢٦].

چوارەم: لەیاسای ژمارە ٧ی ساڵی ٢٠١٤، یاسای زمانە فەرمییەکان لەهەرێمی کوردستان دان بە زمانەکانی تورکمانی و سریانی و ئەرمەنی دەنێت وەك زمانی فەرمی لە ناوچەکانی کە ئەوان تیایدا زۆرینەن. هەرچەندە کە بەشێك لە هاونیشتمانیان لە پێکهاتەکان رەخنەیان لە چەند بڕگە و ماددەیەکی ئەو یاسایە هەیە.

پێنجەم: لەیاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا، رێژەی کۆتا بۆ پێکهاتەکان بەم شێوەیە دیاریکراوە[٢٧]:

---

legislation/%D9%BE%D8%B1%DB%86%DA%98%D9%87-%D9%8A%D8%A7%D8%B3%D8%A7%D9%83%D8%A7%D9%86-/%D9%A2%D9%A0%D9%A1%D9%A5

[٢٥] فارس الخطاب، الأقليات الدينية والعرقية في المعادلة السياسية العراقية، مركز الجزيرة للدراسات، على موقع الجزيرة. ١٠ /٢٠٢٢/١
https://studies.aljazeera.net/ar/article/4691?fbclid=IwAR0fO9Uf_vgWDawzuCDG--hIgz6jV_GZzwjybg0QCHy-2rv92TCtapoPt7I

[٢٦] امید جوزلی ، الترك و التركمان فی اربیل ، مكتبة التفسیر ٢٠١٨ اربیل

[٢٧] وێبسایتی پەرلەمان https://www.parliament.krd/mps/parties-term-5/

أ.-پێنج کورسی بۆ کلدانی سریانی ئاشورییەکان.
ب-پێنج کورسی بۆ تورکمان.
ج.-یەك کورسی بۆ ئەرمەن.

بەپێی یاسای ژمارە ٤ی ساڵی ٢٠٠٩ی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگا و قەزا و ناحییەکانی کوردستان بەتایبەتی لە ماددەی ٣٢ی یاسایەکەدا، دووبارە هاتووە کە: -لەئەنجومەنی پارێزگای دهۆك ٢ کورسی بۆ کلدان سریان ئاشووری و کورسییەك بۆ ئەرمەن تەرخان دەکرێت. -لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی یەك کورسی بۆ کلدان سریان ئاشوری تەرخان دەکرێت. -لەئەنجومەنی پارێزگای هەولێر ٢ کورسی بۆ کلدان سریان ئاشوری و ٣ کورسی بۆ تورکمان تەرخان دەکرێت. -لەهەموو ئەوانەش گرنگتر دەڵێت کە هەڵبژاردنی نوێنەری هەر پێکهاتەیەك تەنها بەدەنگی ئەو پێکهاتەیە دەبێت، بەڵام ئاخۆ ئەوە چەند جێبەجێ کراوە و چەند ئامادەسازیی هەیە بۆ ئەو ماددەیە؟ لێرەدا دەپرسین لەسەر چ بنەمایەك ئەو کورسیانە تەرخانکراون بۆ هەر پێکهاتەیەك و بە چ ڕێژەیەك؟ هەروەها بۆ پێکهاتەکانی دیکە وەلانراون و هیچ کۆتایەکیان بۆ دیاریی نەکراوە؟ خۆ ئەگەر ئەوانی دیکە بە کوردیش ئەژمار کرابن و کۆتایان بۆ دانەنرابێت، بەڵام لەڕاستیدا ئەوان تایبەتمەندی کۆمەڵایەتی و کلتووری و ئاینی خۆیان هەیە و پێویستە گرنگیان پێبدرێت[٢٨].

شەشەم: لە یاسای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی لە هەرێمی کوردستان ژمارە ٤ی ساڵی ٢٠١٤دا، بەتایبەتی لە ماددەی پێنجەمدا لە پێکهاتەی ئەنجومەنی کۆمسیاراندا کە دەڵێت ئەنجومەنەکە لە ٩ ئەندام پێکدێت، باس لەوە دەکات کە نوێنەرایەتی پێکهاتەکانیشی تێدابێت. بینیمان لە ماوەی ڕابردوو لە کاتی پێکهێنانی ئەنجومەنەکەدا نوێنەرانی پێکهاتەکان ڕووبەڕووی پارتی و یەکێتی و گۆڕان بوونەوە لەوەی کە بەبێ پرسی ئەوان نوێنەریان بۆ پێکهاتەکان لە ئەنجومەنەکە داناوە و تاوەکو ئێستاش ئەو کێشەیە چارەسەری بنەڕەتی بۆ نەکراوە.[٢٩]

حەوتەم: لە یاسای پاراستنی مافی پێکهاتەکانی کوردستان ساڵی ٢٠١٥ کە لە ڕێککەوتی ٢١ی نیسانی ٢٠١٥ لە پەرلەمانی کوردستان پەسندکراوە[٣٠]، بۆ یەکەمین جارە لە هەرێمی کوردستان و تەنانەت عێراقیشدا یاسایەکی لەو شێوەیە دەربچێت و نوێنەرانی پێکهاتەکانیش لەپەرلەمانی کوردستان دەنگیان بۆ داوە و هەموو لایەکیان ڕازی بوون. ئەو یاسایە بەهۆی ئەوەی ڕاستەوخۆ پێوەستە بە پاراستنی مافی پێکهاتەکان لە هەرێمی کوردستاندا، دەکرێت بە گرنگترین یاسای

---

[٢٨] ڕێبین فەتاح ، کەمینەکان لە پرۆسەی سیاسیی هەرێمی کوردستاندا، وێبسایتی وشە (٢٠١٧/٢/٢٦)
http://www.wishe.net/details.aspx?=hewal&jmare=11326&Jor=8

[٢٩] دیدارو چاوپێکەوتن لەگەڵ کۆمسیار : ئیسماعیل خورماڵی ، (٢٠٢٢/١/١٥) هەولێر

[٣٠] پرۆژە یاساکان ٢٠١٥ وێبسایتی فەرمی پەرلەمانی کوردستان
https://www.parliament.krd/business/draft-legislation/%D9%BE%D8%B1%DB%86%DA%98%D9%87-%D9%8A%D8%A7%D8%B3%D8%A7%D9%83%D8%A7%D9%86-/%D9%A2%D9%A0%D9%A1%D9%A5

پێوەست بە مافی پێکهاتەکان دابنرێت کە هەڵوەستەی کردووەتە سەر مافە ئایینی، کولتوری، رۆشنبیری و نەتەوەییەکانی پێکهاتەکان بەگشتی[٣١]. دیارە لەتەك ئەو یاسایانەشدا لەیاسای ئەنجومەنی وەزیراندا ماددەیەك هەیە کە باس لەوە دەکات لە پێکهێنانی ئەنجومەنی وەزیراندا رەچاوی بەشداری پێکهاتەکانی کوردستان دەکرێت و لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەزیری کاروباری پێکهاتەکان دانراوە و بەرێز : (ئایدن مەعروف)[٣٢] ، وەزیری ئەم وەزارەتەیە[٣٣]

## باسی سێیەم : پێکهاتەی تورکمان لە هەرێمی کوردستانی عێراق

### ١-٣-١ : ماك و بنەرەتی تورکمان

بە پێچەوانەی وێنا بڵاوەکەی کە بوونی تورکمان لە کوردستاندا وابەستە دەکات بە حوکمی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، لە راستیدا مێژووی جێنشینبوونی تورکمان لە کوردستاندا زۆر پێش مێژووی دەست بەسەرداگرتنی ئەنادۆڵە لەلایەن تورکەکانەوە[٣٤]، کە سۆمەرییەکان لە ناوەراستی ئاسیاوە هاتوون بۆ نیشتەجێ بوون لە دۆڵی دوو رووبار و خاوەنی شارستانییەت بوون، پێشینان و باپیرانی تورکمانن، بەڵگەشیان ئەوەیە کە لەنێوان زبانی تورکمانی و سۆمەریدا ٦٠٠ وشەی هاوشێوە هەیە، هاوشان لەگەڵ لێکچوونی ئێسکەسەری سۆمەرییەکان و تورکە مەنغۆنلییەکان، بە بڕوای رۆژهەڵاتناسی رووسی (بارتولد) لە پەرتوکەکەیدا (مێژووی تورك لە ئاسیا) ئاماژە بەم ڕایە دەکات[٣٥]. لەبەرامبەردا بۆچونێکی تر هەیە کە تورکمان بە پاشماوە و نەوەی سەربازە عوسمانی و فەرمانبەرە عوسمانییەکان دادەنێت لە عیراقدا، (هونەر گردەسۆری ماستەر لەمێژووو_زانکۆی سەلاحەدین) وتی : زۆرینەی تورکمانی عیراق لەنەوەی سەرباز وبازرگان و

---

[٣١] https://www.pfo-ku.org/index.php/wtar-drasat/79-2017-05-28-18-28-41

[٣٢] ئایدن مەعروف : لەدایکبووی ١٩٧٠ ، ماستەر لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە زانکۆی غازی عنتاب، لە ئێستادا ئەندامی مەکتەبی سیاسی بەرەی تورکمانی عیراقی و سەرۆکی لقی هەرێمی کوردستانی بەرەی تورکمانی و وەزیری هەرێمە بۆ کاروباری پێکهاتەکان لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان ( سەرچاوە : وێبسایتی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستان : https://gov.krd/arabic/government/the-cabinet/%D8%A2%DB%8C%D8%AF%D9%86-%D9%85%D8%B9%D8%B1%D9%88%D9%81-%D8%B3%D9%84%DB%8C%D9%85/)

[٣٣] ناوی کاندیدەکانی کابینەی نۆی حکومەتی هەرێم، میللەت پرێس https://www.milletpress.com/Detail.aspx?Jiamre=94185&T

[٣٤] امید ابراهیم جوزلی ،(٢٠١٩) تاریخ الترك و الترکمان فی اربل اربیل ، اربیل : مکتبة التفسیر

[٣٥] زاهد البیاتی ، الترکمان ثالث الجماعات العرقیة فی العراق ، موقع بیزتورکمنیز (٢٠٢٢/١/١٩) http://www.bizturkmeniz.com/ar/index.php?page=article&id=31046

فەرمانبەرانی خزمەتی شارستانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانین، کە لە میانەی دسەڵاتداری عوسمانیەکانەوە لە ئەنادۆڵەوە راگوێزراون بەرەو عیراق[٣٦].وەلێ، ڕای زۆرینەی سەرچاوەکان لەگەڵ بۆچونی یەکەمدایە.

**١-٣-٢ : شوناسی تورکمان** : تورکمان زمانی تایبەت بەخۆی هەیە کە یەکێکە لە شێوەزارەکانی زمانی تورکی نزیك لە (ئازەری). تورکمان تایبەتمەندی خۆیان هەیە لە عادات و کلتور و داب و نەریتی کۆمەڵایەتی و جلوبەرگ و فۆلکلۆری نەتەوەیی، وەلێ شوناسی نەتەوەییان روونە[٣٧]، و لەو شتانەی کە جێگای شانازییانە رۆڵی تورکمانە لە رووبەرووبوونەوەی داگیرکاری بەریتانی و راپەرینی تەلەعفەر لە ١٩٢٠.[٣٨] کە بە رۆڵێکی گەورە و گرنگی دادەنێن.

شوناسی تورکمان لە ئاڵایەکەیان زیاتر بەدەردەکەوێت، و باکگراوندێکی بەدەر لە نەتەوەیی، سیاسی هەیە : ئاڵای تورکمان ئیلی ( کە بەواتای خاکی تورکمان دێت) ئاڵایێکی شینە کە لە دوو راستەهێل و لەناوەراستیدا هیلالێك و ئەستێرەیەك پێکدێت، پارێزەر سەنعان ئەحمەد ئاغا[٣٩] (سەرۆکی پێشووی بەرەی تورکمانی عیراقی و دامەزرێنەری بنەما و بۆچونە فکرییەکانی (قورتولوش)[٤٠] دەڵێت : لە کۆنفرانسێکی فراوانی جیهانی تورك، ئاڵای تورکمان ئیلی وەك هەمان ئاڵای کۆماری تورکی قوبرسی باکور[٤١] کێشرا، تاکە جیاوازی ئەوەیە کە رەنگی ئاڵای تورکمان ئیلی شینە، هێڵ و هیلال و ئەستێرەکەی سپییە[٤٢]. دکتۆر تورهان کەتانە[٤٣] (سەرۆکی پێشووی بەرەی تورکمانی) دەڵێت : کۆنفرانسی جیهانی تورك لە ساڵی ١٩٩٢ کراوە و هێماکانی پیشاندانی شوناسی گەلی تورکمانییە و لە ئاستێکدایە کە شایستەی گەلی تورکمانییە، شین مانای تورك بوونە و هیلال و ئەستێرەکە مانای ئاینی ئیسلامە و دوو هێڵی سەر ئاڵاکەش ئاماژەیە بۆ هەردوو رووباری دیجلە و فورات[٤٤].

---

[٣٦] هونەر گردەسۆری ، مامۆستا لە کۆلێژی ئاداب - بەشی مێژوو ، زانکۆی صەلاحەدین (٢٠٢٢/١/٢٣) دیدار

[٣٧] سعد سلوم ،٢٠١٣ الاقلیات فی العراق . لبنان : مؤسسه مسارات للتنمیة الثقافثة و الاعلامیة .

[٣٨] سەرچاوەی پێشوو.

[٣٩] سەنعان ئەحمەد ئاغا ، لەدایکبووی ١٩٦٩ ، خوێندنی یاسای لە زانکۆی بەغداد تەواو کردووە ، ماوەیەك سەرۆکی بەرەی تورکمانی عیراقی بووە و ئێستا لە هەولێر نیشتەجێیە. (سەرچاوە : پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ ناوبراو (٢٠٢٢/١/٢٣)

[٤٠] قورتولوش : کۆمەڵەی گیراوانی سیاسی و بنەماڵەی شەهیدانی تورکمانە لە عیراقدا. (قورتولوش - bizturkmeniz.com)

[٤١] قوبرسی باکور : بە فەرمی : کۆماری قوبرسی باکوری تورکی ، وڵاتێکی دانپێدانراوی سنوردارە ، لەگەڵ ئەوەی خاوەن حکومەت و ئیدارەی سەربەخۆیە بەڵام هیچ دەوڵەتێك جگە لە تورکیا ئیعتیرافی پێ ناکات. https://www.ramendorms.com/ar/north-cyprus-ar/about-north-cyprus-ar.html

[٤٢] عبدالسلام هیشام ،( ئاڵای تورکمان چۆن دروست بوو؟) رۆژنامەی تەبا ، ژمارە ٧٣ ،هەولێر، ١٥ی تەمموزی ٢٠٢١ ،

[٤٣] تورهان نوسرەت کەتانە ، نوسەر و سەرۆکی پێشووی بەرەی تورکمانی عیراقی و سەرۆکی دەزگای وەقفی تورکمانی لە عیراق (سەرچاوە : پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ بەرێز بروا بۆسکورت)

[٤٤] (رۆژنامەی تەبا، ٧٣)

**١-٣-٣ : نوێنەرایەتی سیاسی و پارتە سیاسییەکانی تورکمان** : بەر لەوەی باسی نوێنەرایەتی بکرێت گرنگە لە شیکردنەوەی ئەم بابەتەدا ئاماژە بە شتێك بکرێت کە دکتۆر سوبحی سەعاتچی لە پەرتوکەکەی خۆیدا ( تاريخ العشائر التركمانية)دا باسی دەکات ئەویش ئەوەیە کە : (کۆمەڵگای تورکمانی لێکچوونی هەیە لەگەڵ کۆمەڵگای کوردیدا لە سروشتی (عەشائیری)بوون و هەبوونی هاوسۆزی بۆ ئاغا و سەرۆکی عەشیرەت لە گوند و لادێکاندا، بەڵام جیاوازە لە شارەکاندا بەوەی کەوا تورکمان سروشتێکی خێزانییان هەیە تا سروشتی عەشائیری، واتا ئەوان شانازی کردن و وابەستەبوونیان بە ناوی بنەماڵە و خێزانەوەیە تا عەشیرەت، بۆیە هەر ناوی خێزانیش ئەکەن بە نازناوی خۆیان. ئەگەر ئەمە لایەنی ئیجابی هەبێت لەرووی کۆمەڵایەتییەوە، بەڵام لایەنی نەرێنی هەیە لەبارەی نوێنەرایەتی کردنی سیاسی تورکمانەوە، بەوەی کە خاڵی کۆکەرەوە و یەکدەنگی نییە لەنێو تورکماندا بەبۆنەی نەبوونی سروشتی عەشائیربوون، کە فاکتەرێکی کاریگەرە لە بۆنە سیاسییەکان و هەڵبژاردنەکان بۆ وەدەستخستنی کورسی پەرلەمانی، ئەمەش باکگراوندی لاوازی نوێنەرایەتی کۆمەڵگای تورکمانە، کە خاوەن بناغەیەکی عەشائیری لاوازە و پتەو نییە وەك یەك جەستە بۆیە کەمترین نوێنەریان لە دامەزراوە سیاسی و یاساییەکان هەیە و ناچاری یاسای کۆتان بۆ سەرکەوتن بۆ پەرلەمان. فاکتەرێکی تر لە لاوازی نوێنەرایەتی کردنی پێکهاتەی تورکمان دابەشبوونیانە بەسەر هەردوو مەزهەبی (شیعە و سونە) و هەردوو بەرەی (دیندار و سیکۆلارەکان) و لەنێوان (ئیسلامییەکان و نەتەوەگەراکان) ئەمەش رەنگدانەوەیەکی نەرێنی هەیە بەسەر نوێنەرایەتییان لە هەڵبژادنەکانی ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجومەنی پارێزگاکان و شارەوانییەکان)[٤٥]. لە هەرێمی کوردستاندا، پارتە سیاسییەکانی پێکهاتەی تورکمان دابەشبوونەتە سەر دوو بەرە، بەرەیەك کە پارتە کوردییەکانی وەك (پارتی دیموکراتی کوردستان) پشتیوانییان لێ دەکات و بەرەیەك کە تورکیا پشتیوانی راستەوخۆیان لێ دەکات[٤٦]. لە کوردستاندا بەگوێرەی چەند سەرچاوەیەك ١١[٤٧] پارتی سیاسی تورکمانی و بەگوێرەی چەند سەرچاوەیەکی تر ١٢[٤٨] و لە هەندێك شوێندا ١٨[٤٩] پارتی تورکمانی ناو دەهێنرێت، بۆ دڵنیابوونەوە لەمە بەدواداچوونم کرد لەگەڵ نوسینگەی وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێکهاتەکان، بەڵام وتەبێژی نوسینگەی وەزیر (بروا بۆسکورت) پێی راگەیاندم : (لەلای نوسینگەی وەزیر هیچ حیزبێك تۆمار نەکراوە، و هیچ دۆسیەیێکی سیاسی و پارتە سیاسییەکانی پێکهاتەکانی لا نییە، نوسینگەی وەزیر کاروباری وەك ئاگاداربوون لە زەوی و زاری پێکهاتەکان و بۆنەکانیان و کێشەکانیان گرنگی پێ دەدات. بەڵام وەك ئاگاداربوون لەلایەنی سیاسی پێکهاتەکان ئاماژەی بەوەدا کە : پارتە سەرەکییەکانی پێکهاتەی تورکمانی لە کوردستاندا : وەك پارتی دایك کە پارتەکانی تری لێ جیابوونەتەوە پارتی (بەرەی

---

[٤٥] سعد سلوم ، الاقليات فی العراق . ٢٠١٣ لبنان : مؤسسه مسارات للتنمية الثقافئة و الاعلامية

[٤٦] Muaffak Adil Omar, Whom Do Iraq's Turkmen Parties Serve,.washingtoninstitute for near east policy https://www.washingtoninstitute.org/policy-analysis/whom-do-iraqs-turkmen-parties-serve

[٤٧] (رۆژنامەی تەبا ، ٧٣)

[٤٨] الأحزاب التركمانية في أربيل تنأى بنفسها عن المشاركة في الانتخابات https://kirkuknow.com/ar/news/66567

[٤٩] https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/2909202117

تورکمانی)ە، پاشان دوو پارتی تری سەرەکی هەن کە نوێنەریان هەیە لە پەرلەمانی کوردستان : (پارتی گەشەپێدانی تورکمانی) و (پارتی چاکسازی تورکمان))[٥٠].

ئێمە لە توێژینەوەکەماندا، لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون لەسەر پرسی (نوێنەرایەتی پێکهاتەکان لەلایەن پارتەکانیانەوە) دەکەین، بۆیە تەنها تیشك دەخەینە سەر ئەو پارتانەی نوێنەریان لە پەرلەمانی کوردستاندا هەیە.

***پارتی گەشەپێدانی تورکمانی :**

لە دیدارم لەگەڵ سەرۆکی پارتی گەشەپێدانی تورکمانی (محمد ئلهانلی)[٥١] ئاماژەی بەوە کرد : (پارتی گەشەپێدانی تورکمان پارتێکی سیاسییە کە ئیمتیدادی ئەو بزوتنەوە سیاسییە تورکمانییەیە کە لە ١٩٩١ لەپاش راپەرین دامەزرا، بەڵام لەبەر چەند هۆکارێکی سیاسی و لە کۆنگرەکانی ئەو بزوتنەوەیە جیابوونەوەی خۆی راگەیاندووە، واتە ئەوان لە پارتی نیشتیمانی تورکمانی(بەرەی تورکمانی ئێستا) جیابوونەتەوە لە (٦/١٣/ ٢٠٠٥ ) و پارتی (گردبوونەوەی بێ لایەنی تورکمان)یان راگەیاندووە و لە ( ٨/٣١/ ٢٠١٤ ) دا لە کۆنگرەدا ناوی گردبوونەوەکە گۆردراوە بە (پارتی گەشەپێدانی تورکمان) لە یەکەم بەشداری هەڵبژاردن لەدوای گۆرینی ناوەکەیەوە یەك کورسی پەرلەمانی بەدەست هێناوە(خولی چوارەم) و لە کۆتا خول (خولی پێنجەم) دوو کورسی بەدەست هێناوە ئەمە مانای ئەوە دەگەیەنێت کە پارتەکەمان رۆژ بەرۆژ و قۆناغ بە قۆناغ بەهێزتر دەبێت و زیاتر جێگا متمانەی گەلی تورکمانیمانە و هەم دەتوانێت جەماوەری تورکمان رێکبخات و ئاراستەیان بکات و هەم نوێنەرایەتیان بکات)[٥٢]. پارتی گەشەپێدانی تورکمان، پارتێکی نیشتیمانییە و بە دیدگای ئەوان ناکرێت نوێنەرایەتی پێکهاتەی تورکمان بەرەو نەژادپەرستی بروات، بەڵکو ئەوان لەگەڵ برایەتی و تەبایی پێکهاتەکان دان و ئەوان بروایان وایە : چەند نیشتیمان بەهێزتربێت پێکهاتەکانیش بەهێزتر دەبن. لە وڵامی پرسیارێکی توێژەردا : کە ئایا تا ئێستا پارتەکە پۆستی وزاری لە حکومەتی هەرێم وەرگرتووە ؟ (محمد ئلهانلی) گوتی : نەخێر[٥٣].

***پارتی چاکسازی تورکمان :**

پارتێکی سیاسی تورکمانییە،مۆڵەتی کارکردنی لە حکومەتی عیراق و حکومەتی هەرێمی کوردستاندا هەیە، واتا پارتێکی عیراقیشە و لە هەمان کاتدا کارەکانی لە هەرێمی کوردستانیشدا دەکات. لە رێکەوتی (٤/٢٥/ ٢٠٠٥) دا دامەزراوە، عەبدولقادر بازرگان سەرۆکی پارتەکەیە و مونا قەهوەچی جێگری سەرۆکی پارتەکەیە، لە کۆنگرەی پێنجەمی پارتەکەشدا لە (٢٦

[٥٠] دیدار و چاوپێکەوتن لەگەڵ (بروا بۆسکورت) وتەبێژی نوسینگەی وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێکهاتەکان، (٢٠٢٢/١/١٩) هەولێر

[٥١] محمد الهانلی : لەدایکبوونی (١٩٧٨/٣/٣) دەرچووی زانکۆی سەلاحەدین و سەرۆکی پارتی گەشەپێدانی تورکمان و ئەندامی پەرلەمانی کوردستان و ئەندامی ئەنجومەنی باڵای ریفراندۆم. (سەرچاوە : پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ ناوبراو)

[٥٢] دیدار و چاوپێکەوتن لەگەڵ (محمد ئلهانلی ) سەرۆکی پارتی گەشەپێدانی تورکمان ، هەولێر ( ٢٠٢٢/١/١٩)

[٥٣] هەمان سەرچاوەی پێشوو.

/٢٠٢٢/١/ ٢٣) هەڵبژێردرانەوە[٥٤]. پارتی چاكسازی تورمان دوو كورسی لە پەرلەمانی كوردستاندا هەیە، و پۆستی سكرتێری سەرۆكی پەرلەمانیشی پێدراوە. واتە بەرزترین پێگەی نوێنەرایەتییان هەیە لە پەرلەمانی كوردستاندا بۆ پێكهاتەی توركمانی. مونا قەهوەچی (سكرتێری پەرلەمانی كوردستان) لەسەر پشكی پارتی چاكسازی توركمان ئاماژەی بەوە كرد كە : ( بارودۆخی توركمان لە هەرێمی كوردستان لە ئاستێكی زۆر باشدایە و مافەكان پارێزراون بە گوێرەی یاسا بەركارەكان، بەڵام لە ئێستادا ئێمە خاوەنی دەستور نین، گەر دەستور دابنرێت پێكهاتەكان بە گشتی و پێكهاتەی توركمان بەتایبەت مافەكانی دەچەسپێنرێت)[٥٥] . بەبڕوای ئەو باشتركردنی دۆخی نوێنەرایەتی توركمان بەشداری پێكردنی زیاترە لە دەسەڵاتەكاندا، ئەو وتی : ( تا ئێستا بەشداری توركمانەكان لە ئاستی چاوەروانكراو نییە لە حكومەتدا چونكە تەنها یەك وەزیری پێ دراوە)[٥٦] . بە دیدگای ئەوان دەبێت لە هەموو دامەزراوەكانی هەرێم توركمان وەك نەتەوەی دووەم لە هەرێمدا پۆستیان پێ بدرێت، وەك ئیستیحقاقی نەتەوەیی چونكە رێژەی توركمان بە ژمارە پێوانە ناكرێت.

## بەشی دووهەم : رۆڵ و نوێنەرایەتی سیاسی پێكهاتەی توركمان لە هەرێمی كوردستان

دوا بە دوای دروستكردنی ناوچەیەكی ئۆتۆنۆمی لە باكوری عیراق، تەواوی پارت و هێزەكانی بەرەی كوردستانی لە ئایاری ١٩٩٢ هەستان بە ئەنجامدانی هەڵبژاردن كە تێیدا پارتی دیموكراتی كوردستان ٤٥٪ و یەكێتی نیشتیمانی ٤٤٪ی دەنگەكانیان بەدەستهێنا وەك براوەی سەرەكی هەڵبژاردنەكە، بەرەی كوردستانی بریاری دا بە رەخساندنی دەرفەت بۆ پێكهاتەكان بە مەبەستی بەشداری لە پرۆسەی سیاسی بۆیە بۆ پێكهاتەكان چاوپۆشی كرا لە بنەمای ٧٪ی بەربەستی هەڵبژاردن ئەمەش بەهۆی كەمی دەنگدەرانی پێكهاتەكانەوە[٥٧]. لەم قۆناغەدا پێنج كورسی بۆ كریستیانەكان و پێنج كورسی بۆ توركمانەكان دیاری كران، بەڵام پێكهاتەی توركمان بایكۆتی پرۆسەی سیاسی هەرێمی كوردستانی كرد، هەرچەندە لایەنە كوردستانییەكان بە پەرۆش بوون بۆ بەشداری توركمانەكان بەڵام رەتیان كردەوە بەشێك بن لە پرۆسەكە بەهۆی ئەوەی توركیا ئامادەنەبوو دان بە قەوارەیەكی ئۆتۆنۆمی كوردیدا بنێت لە نزیك سنورەكانی لە باكوری عیراق.

بە بڕوای توێژەر و مامۆستای زانكۆ لە بەشی زانستە سیاسییەكان لە زانكۆی گەرمیان (م. فەرهاد حسن عبدالله) ترسی توركیا لە دروستبوونی هەرێمێكی ئۆتۆنۆمی بۆ كوردەكان رەنگدانەوەی لەسەر بریاری سیاسی پێكهاتەی توركمان هەبوو بۆ بەشداریكردن لە پرۆسەی سیاسی و بوون بە بەشێك لە ئەنجومەنی نیشتیمانی كوردستان لە ساڵی ١٩٩٢.

---

[٥٤] كۆنگرەی پێنجەمی پارتی چاكسازی توركمانی بە بەشداری نوێنەری سەرۆك بارزانی بەڕێوە دەچێت
https://www.basnews.com/so/babat/731217

[٥٥] دیدار لەگەڵ مونا قەهوەچی ، سكرتێری پەرلەمانی كوردستان و جێگری سەرۆكی پارتی چاكسازی توركمان (٢٣ /٢٠٢٢/١/) هەولێر

[٥٦] هەمان سەرچاوەی پێشوو.

[57] van wilgenburg, wladimir and mario fumerton , (kurdistan political armies) the challenge of unifyng the peshmarga forces, ( carnegie middle east center ), (2015)

دوابەدوای یەکخستنەوەی هەردوو ئیدارەی هەولێر و سلێمانی و ئامادەکاری بۆ دروستکردنی حکومەتێکی یەکگرتووی نیشتیمانی لە هەرێم، پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ هەرێم چووە قۆناغێکی ترەوە و ئەمەش کاریگەری هەبوو لەسەر بەشداری پێکهاتەی تورکمان لە پرۆسەی سیاسی هەرێمی کوردستان.

یەکەمین و کۆنترین پارتی تورکمانیش کە تا ئێستا بەشدارە لە پرۆسەی سیاسی لە هەرێمدا، پارتی بەرەی تورکمانییە.

## باسی یەکەم : ناساندنی پارتی بەرەی تورکمانی

بەرەی تورکمانی، بزوتنەوەیەکی سیاسییە لە ساڵی ١٩٩٥ دا راگەیاندراوە، و مێژووی دامەزراندنی بۆ ساڵی ١٩٨٨ دەگەرێتەوە، بەرەی تورکمانی هەوڵێکە بۆ نوێنەرایەتی کردنی گەلی تورکمانی لە هەموو عیراقدا، ئامانجە سیاسییەکەی لەدوای روخانی رژێمی سەدام حوسێن لە ٢٠٠٣دا لەوەدا خۆی دەبینێتەوە. بەرەی تورکمانی تەنها گرنگی بەلایەنی سیاسی نادات، بەڵکو بزوتنەوەیەکە کە لەبواری کلتوری و کۆمەڵایەتی گەلی تورکمانیش کارایە و کار و چالاکییەکانی پێشکەش دەکات. بەرەی تورکمانی بە ناوچەی ژێر نفوزی خۆی دەڵێت (تورکمان ئیلی) واتە : خاکی تورکمان، وەك نیشتیمانێك بۆ گەلی تورکمان، ئەو پارێزگایانەی کە دەکەونە ژێر ئەم بانگەوازەی بەرەی تورکمانی بریتین لە (کەرکوك، تەلەعفەر، هەولێر، مەندەلی، موسڵ و توزخورماتوو). بەرەی تورکمانی خۆیان بە بەرەی (ئەنا وەتەن/نیشتیمانی دایك) دەزانن، پاشخانی مێژووی ئەوان لە پارتی نەتەوەیی تورکمانی لە ئەنقەرەدا دروستبووە بەسەرۆکایەتی مزەفەر ئەرسەلان، ئەو پارتە لەگەڵ پێشمەرگەدا لە چەندین کاردا هاوبەش بوون لەدژی رژێمی بەعس. بەرەی تورکمانی هاوپەیمانییەتی کۆمەڵێك پارتی سیاسی تورکمانە، کە بریتین لەم پارتانەی خوارەوە :

*پارتی نیشتیمانی تورکمانی عیراقی: لە ساڵی ١٩٨٨ دامەزراوە و لە سنوری ناوچەکانی قەدەغەی فرین لە باکوری عیراقدا.
*پارتی تورکمان ئیلی : لە ساڵی ١٩٩٢ لە باکوری قوبرس.
* پارتی تورکمانی هەرێمی.
*بزوتنەوەی تورکمانی بێ لایەن.
*پارتی مافەکانی تورکمانی عیراق.
*بزوتنەوەی ئیسلامی تورکمان.

ئایدن مەعروف سەرۆکی بەشی هەولێری بەرەی تورکمانی لە دیدارێکدا لەبارەی ناساندنی بەرەوە گوتی : بەرەی تورکمانی پارتێکی ئەساسی و پارتی دایکە بۆ تورکمانەکان و نوێنەرایەتی گەلی تورکمان دەکات لە ئاستی نێودەوڵەتی، و گرنگی دەدات بە مافەکانی تورکمان لەهەموو

بوارەکانەوە، لەرووی پەروەردەیی و رۆشەنبیری و کلتوری و تا دەگاتە ئاستی سیاسی و دیبلۆماسی.

لە باسی ناساندنی بەرەی تورکمانی و رۆڵی لە نوێنەرایەتی کردنی گەلی تورکمان پێویستە ئاماژە بە چەند شتێکی گرنگ بدرێت :

١. لە مێژووی سیاسی تورکمان هەنگاوێکی زۆر گرنگ و گەورە بوو کۆکردنەوە و یەکگرتنی بەرەیەك بۆ مافەکانی تورکمان لە شاری هەولێرەوە دەستی پێ کرد. واتە بەرەیەك کە نوێنەرایەتی هەموو تورکمانەکانی عیراق دەکات، لە شاری هەولێردا خۆی راگەیاندووە.

٢. بەردەوامی بەرەی تورکمانی کە زیاتر لە ٢٧ ساڵ بەردەوامە ، بە پێچەوانەی بەرە سیاسییەکانی تر کە لەمێژووی سیاسی هەرێمدا دروست بوون و کۆتاییان هاتووە. نەك تەنها لە عیراقدا بەڵکو لەسەر ئاستی رۆژهەڵاتی ناوەراستیش.

بەرەی تورکمانی بەرادەیەك نوێنەرایەتی راستەقینەی تورکمانەکان دەکات، کە :

١. ئاڵای فەرمی تورکمانەکانی عیراق، لەلایەن بەرەی تورکمانییەوە دانراوە. و لەلایەن هەموو پارتە تورکمانییەکانی تریشەوە دانپێدانراوە.

٢. رۆژی نەتەوەیی تورکمان ١٠/٧ / ١٩٩٧ ، کە کۆنگرەی نەتەوەیی تورکمان ئەنجامدرا بەسەرۆکایەتی بەرەی تورکمانی بەبەشداری ٣٠ لایەنی تورکمانی ناوخۆیی و دەرەکی لە شاری هەولێر ، تێیدا رۆژی نەتەوەیی تورکمان دیاریکراوە[٥٨].

مێژووی بەشداری سیاسی بەرەی تورکمانی لە هەڵبژاردنەکاندا لە دیسەمبەری ساڵی ٢٠٠٥ دەست پێ دەکات و لیستی بەرەی تورکمانی (٧٦٤٣٤) دەنگی بەدەستهێنا، واتە بە رێژەی لەسەدا ٧،٠٪ لەسەر ئاستی نیشتیمانی، زۆرینەی ئەم دەنگانەش لە پارێزگای کەرکوکن، کە لەسەدا ١٠٪ی دەنگەکانی کەرکوك بەرە براوە بوو تێیدا، بەرەی تورکمانی لەم هەڵبژاردنەدا سکاڵای بەرزکردەوە بۆ لیژنەی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عیراق بە بانگەشەی ئەنجامدانی تەزویر لەلایەن لایەنە کوردییەکانەوە، و لە دەرەنجامدا بەرەی تورکمانی بوو بە خاوەنی سێ کورسی لە ئەنجومەنی نیشتیمانی عیراق لە ساڵی ٢٠٠٥ دا.

لە هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠١٠ دا بەرەی تورکمانی لە لیستەکەی ئەیاد عەلاویدا بەشداری هەڵبژاردنی کرد و ئەرشەد ساڵحی ٥٩٧٣٢ دەنگی بەدەستهێنا و پلەی دووەمی هەڵبژاردنەکانی وەرگرت لەدوای کاندیدی یەکێتی نیشتیمانی کە ٥٢٢٦٨ دەنگی بەدەستهێنا.

لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠١٤دا دوو کورسی و لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠١٨ دا بەرەی تورکمانی سێ کورسی بەدەستهێنا[٥٩].

---

[٥٨] دیدار لەگەڵ ئایدن مەعروف ، سەرۆکی بەشی هەولێری بەرەی تورکمانی عیراقی، ٢٠٢٢/٢/٩ هەولێر .

لە هەرێمی کوردستان بەرەی تورکمانی لەساڵی ٢٠١٣دا بەشداری هەلبژاردنی کرد و یەك کورسی پەرلەمانی بەدەستهێنا بە بەدەستهێنانی ٧٧٧٠ دەنگ یاخود ١,١٪ی دەنگەکان.

لە هەڵبژاردنی ٢٠١٨ دا بەرەی تورکمانی یەك کورسی بەدەست هێنا و ئایدن مەعروف بوو بە براوەی کورسییەکە، لەپاشاندا ئایدن مەعروف وەك وەزیری کاروباری پێکهاتەکان دیاری کرا و هیمداد سەباح وەك سەرۆکی فراکسۆنی بەرەی تورکمانی دیاری کرا[٦٠].

## باسی دووهەم : پەیوەندییە دەرەکییەکانی بەرەی تورکمانی

پێکهاتەکان لە هەرێمی کوردستاندا پەیوەندی دەرەکییان هەیە ، بۆ نمونە پێکهاتەی کریستیان کە دابەش بووە بەسەر هەرسێ نەتەوەی ( کلدان ، سریان ، ئاشور) نیشتیمانی دایکیان نییە وەك تورکمانەکان ، بەڵکو خودی ناوچەکە بە نیشتیمانی دایك دادەنێن ، کلدان بابل و ئاشور نەینەوا (ئەمەش وادەکات ئەم دوو نەتەوەیە وابەستەیی وڵاتی دایکیان نەبێت) نەتەوەی سریانیش بنەچەی بۆ سوریا دەگەرێتەوە ، ئەمە گەر دابەشکاری بۆ پێکهاتەی کریتیان بکرێت لەروانگەی نەتەوەوە ، وەلێ گەر لە روانگەی مەزهەبەوە بێت کریستیانەکان کە پەیرەوکاری مەزهەبی کاسۆلیکن پەیوەندی پتەوی (ئاینی)یان لەگەڵ پاپای فاتیکان هەیە ، بەڵام ئەرسرۆدۆکسەکان بەتریکی تایبەت بەخۆیان هەیە ، پارتە ئاشورییەکانی کریستیان پەیوەندییێکی قوڵ و پتەویان لەگەڵ وڵاتانی ئەوروپا و رێکخراوەکانی ئەوروپا هەیە ، هەرچی پارتەکانی کلد و سریانە زیاتر پەیوەندییان لەگەڵ رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دا هەیە و لەوێوە پاڵپشتیش دەکرێن[٦١].

---

[٥٩] وێبسایتی فەرمی کۆمسیۆنی سەربەخۆی هەلبژاردنەکانی عیراق : http://iheciraq.net/cgi-sys/suspendedpage.cgi

[٦٠] وێبسایتی فەرمی پەرلەمانی کوردستان : https://www.parliament.krd/mps/parties-term-5/%d8%a8%db%95%d8%b1%db%95%db%8c-/%d8%aa%d9%88%d8%b1%da%a9%d9%85%d8%a7%d9%86%db%8c

[٦١] دیدار لەگەڵ (اندی سولاقا صلیوا ) جێگری بەرپرسی نوسینگەی وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێکهاتەکان، ٢٠٢٢/٣/٢٠ هەولێر

پێکهاتەی تورکمان بە شێوەیەکی گشتی و پارتە سیاسییەکانیان بە شێوەیەکی تایبەتی پەیوەندی دەرەکییان هەیە بە ڕێکخراو و دامەزراوە و وڵاتانی دەرەکی بە تایبەت تورکیا، بەڵام لەم نێوەندەدا پارتەکانی پێکهاتەی تورکمانی دابەش دەبن بەسەر دوو لایەندا :

ئەو پارتانەی کە ئینتیمایان بۆ وڵاتی تورکیا هەیە وەك بەرەی تورکمانی و ئەو پارتانەی کە نزیکییان لە پارتە کوردییەکان زیاترە وەك پارتی چاکسازی و پارتی گەشەپێدان و پارتەکانی تر، ئەمەش بە گوێرەی پۆلێنکاری دکتۆر مۆفق عادل, مامۆستا لە کۆلێژی زانستە سیاسییەکان[٦٢].

کاتێك توێژەر ، لە جێگری سەرۆکی پارتی چاکسازی تورکمان و سکرتێری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان پرسیاری کرد لەبارەی پەیوەندییە دەرەکییەکانی پارتەکانی تورکمان بە گشتی و پارتی چاکسازی بەتایبەت لەگەڵ دەوڵەتان و دەوڵەتی تورکیا بەتایبەت، مونا قەهوەچی وتی : پەیوەندی ئێمە لەگەڵ هەموو وڵاتاندا لە ئاستێکی زۆرباشدایە و لەگەڵ تورکیاش بەهەمان شێوە چونکە تورکیا وڵاتێکی گرنگی ناوچەکەیە و دراوسێی هەرێمی کوردستانە و خاوەن هێز و پایەی ئابوری و ستراتیژی و دیبلۆماسییە لە ئاستی ئیقلیمیدا و هاوکاری هەموو پێکهاتەکان دەکات بەبێ جیاوازی و تایبەتکردنی تورکمان[٦٣].

ئایدن مەعروف، لەبارەی پەیوەندییە دەرەکییەکانی پارتی بەرەی تورکمانی وتی : لە چوارچێوەی یاسای عیراق و دەستور پەیوەندییەکانمان لەگەڵ هەموو وڵاتان لە ئاستێکی زۆر باشدایە. بەڵام لە هەرکاتێکدا مافەکانی تورکمان بکەونە کێشەوە ئەوا هەڵبژاردەی گەڕانەوە بۆ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان وەك (نەتەوە یەکگرتووەکان) بژاردە دەبێت بۆ پارتی بەرەی تورکمانی، چونکە ڕووداوی هاوشێوە ڕوویداوە لە مەرکەز(بەغدا) و مافی تورکمانەکان خوراوە و ئێمە پەنامان بردۆتە بەر (یوئێن) و داواکارییەکانمان گەیشتووە.

لە وەڵامی ڕەخنەی پەیوەندییەکانی بەرەی تورکمانی بە وڵاتی تورکیاوە ، ئایدن مەعروف دەڵێت : تورکیا بۆ هەموو تورکمانەکانی جیهان ڕابەر و دایکە ، وە ئەمە زۆر زۆر گرنگە و ئێمە پێی دەڵێین (نیشتیمانی دایکمان) ، وە وەڵاتی تورکیا جیاوازی ناکات لەنێوان تورکمانەکان و پشتیوانی هەموو ڕووێکی تورکمانەکان دەکات. دەعمی مەعنەوی تورکیا بۆ ڕادەی نوێنەرایەتی کردنی ئێمە (بەرەی تورکمانی) بەهێزتر دەکات لەسەر ئاستی ناوخۆیی و دەرەکی[٦٤].

---

62 62 Muaffak Adil Omar, Whom Do Iraq's Turkmen Parties Serve,.washingtoninstitute for near east policy https://www.washingtoninstitute.org/policy-analysis/whom-do-iraqs-turkmen-parties-serve

٦٣ دیدار لەگەڵ مونا قەهوچی، سکرتێری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و جێگری سەرۆکی پارتی چاکسازی تورکمان ، (٢٣ /٢٠٢٢/١ ) هەولێر.

٦٤ دیدار لەگەڵ ئایدن مەعروف، سەرۆکی بەشی هەولێری بەرەی تورکمانی ، (٢٠٢٢/٢/٩) هەولێر

ئەم پرسە ئارگومێنتێك دەخاتە بەردەم ، كە ئایا ئەم پەیوەندییە دەرەكییانە كاریگەری لەسەر نوێنەرایەتی سیاسی توركمانەكان دەكات یاخود نا؟ چونكە وەك لە پێشەكی بەشی دووەمدا ئاماژەمان پێدا لەسەرەتای پرۆسەی سیاسی لە هەرێمی كوردستاندا پێكهاتەی توركمان رەتی كردۆتەوە كە بەشداری لە ئەنجومەنی نیشتیمانی كوردستان ( پەرلەمانی كوردستان ) بكات بەهۆی دانپێدانەنانی توركیا بە قەوارەی هەرێمەوە، بەڵام پاشتر بە گۆرانی ڕا و سیاسەتی دەرەكی دەوڵەتی توركیا، ئەم پرسەش گۆرانكاری بەسەرداهات و توركمانەكان بەشداری پرۆسەی سیاسییان لە هەرێمدا دەست پێ كرد.

بەڵام، ئەم پارتانەی كە پەیوەندی بەهێزیان هەیە لەگەڵ توركیادا، لەرووی جەماوەرییەوە پێگەیەكی بەهێزتریان هەیە و زیاتر پشتیوانی گەلی توركمانی بەدەست دێنێت، ئەمەش بۆ لایەنی پاراستنی شوناس دەگەرێتەوە، چونكە وەك بەرێز ئایدن مەعروف ئاماژەی پێدا توركیا بۆ توركمانەكانی هەموو جیهان، نیشتیمانی دایكە و راكێشەری ئینتیمای توركمانەكانی جیهانە.

سیاسەتی دەرەكی توركیاش، بەرێوەبردن و رابەرایەتی كردنی جیهانی توركە، دامەزراندنی ئەنجومەنی توركیش ، كە پێكهاتووە لە وڵاتانی (ئۆزباكستان، ئازەربێجان ، تاجیكستان، قیرغیریسان ، كازاخستان و توركمانستان) هەمان هەنگاوە لە سیاسەتی دەرەكی و لە سیستەمی نێودەوڵەتیدا.[٦٥]

نمونەی بەشداری نەكردنی پارتە توركمانییەكان لە پرۆسەی سیاسی هەرێمی كوردستان تا دانپێدانانی توركیا بە هەرێم ، دەكرێت وەك وەڵامی ئارگومێنتی كاریگەری پەیوەندییە دەرەكییەكانی پارتە سیاسییەكانی پێكهاتەكان بەسەر رادەی نوێنەرایەتی ئەو پارتانە سەیر بكرێت.

بەبڕوای نوخبەی توركمانی پەیوەندی هەبوون لەگەڵ توركیادا زیاتر ئەرێنییە لەوەی نەرێنی بێت، و زۆر ئاساییە و ناكرێ بە شێوەیكی نامۆ سەیربكرێت، وەك چۆن ئاساییە حكومەتی هەرێمی كوردستان هاوسۆزی و پەیوەندی هەبێت لەگەڵ كوردانی هەموو جیهان گەرچی لەژێر سەروەری وڵاتێكی تریش بن، توركیاش وەك نیشتیمانی دایك بۆ توركمانەكان دەكرێت پەیوەندی و پاڵپشتی بۆ هەموو توركمانان هەبێت و بە نەتەوەی خۆی بزانێت.

[٦٥] زاهر البيك ، المجلس التركي يتحول إلى "منظمة الدول التركية".. ما أهميتها وأهدافها ، الجزيره نت، ٢٠٢١/١١/١٥
https://www.aljazeera.net/news/politics/2021/11/15

## باسی سێهەم : نوێنەرایەتیکردنی سیاسی پێکهاتەی تورکمان لەلایەن پارتی بەرەی تورکمان: (شیکردنەوە و هەڵسەنگاندن)

لە سەرەتای توێژینەوەکەماندا ئاماژەمان بەوە کرد کە پێکهاتەی تورکمان بەشداری خولی یەکەم و دووهەمی پەرلەمانی کوردستانی نەکردووە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە دەوڵەتی تورکیا ئامادەنەبوو دانبنێت بە قەوارەی هەرێمی کوردستان، بەڵام بۆ هەڵبژاردنی خولی سێهەمی پەرلەمانی کوردستان، پێکهاتەی تورکمان بەشداری هەڵبژاردنەکانی کرد و بە کۆتا ٥ کورسی بەدەستهێنا و هەریەك لە پارتەکانی : ( ٣ کورسی بۆ بزوتنەوەی دیموکراتی تورکمان، ١ کورسی لیستی چاکسازی تورکمانی ، ١کورسی لیستی هەولێری تورکمانی) "واتە بەرەی تورکمانی نوێنەری نەبووە لە خولی سێهەمی پەرلەمانی" لە هەڵبژاردنەکانی خولی چوارەم لەگەڵ یەکەمین بەشداری کردنیدا پارتی بەرەی تورکمانی سەردەکەوێت بۆ پەرلەمانی کوردستان و کورسیەك بەدەست دێنێت و هەریەك لە پارتەکانی (گەشەپێدانی تورکمانی یەك کورسی و پارتی هەولێری تورکمانی یەك کورسی و پارتی پێشکەوتنی تورکمان دوو کورسی بەدەست دەهێنن) لە هەڵبژاردنەکانی خولی پێنجەمدا ، پارتی بەرەی تورکمانی کورسییەك بەدەست دەهێنێت و پارتی چاکسازی تورکمان کورسییەك و پارتی گەشەپێدانی تورکمان دوو کورسی و پارتی میللەت یەك کورسی بەدەست دەهێنن[٦٦].

محمد ئلهانلی (سەرۆکی پارتی گەشەپێدانی تورکمانی) دەڵێت : ئێمە لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان یەك کورسیمان بەدەست هێنابوو، بەڵام لە خولی پێنجەمدا کردمان بە دوو کورسی ، ئایا ئەمە نابێتە شایەد لەسەر ئەوەی کە نوێنەرایەتی کردنی ئێمە بۆ گەلی تورکمان نوێنەرایەتییەکی باش بووە و جیاوازە لە نوێنەرایەتی کردنی پارتەکانی تر بۆ پێکهاتەی تورکمان؟ لەکاتێکدا ئێمە تەنها چەند ساڵێکە دامەزراوین. (واتە پاشخانی مێژوویی قوڵییان نییە). بەبڕوای ئەو پارتەکەی توانیویەتی بە رادەیەکی زۆر باش نوێنەرایەتی گەلی تورکمانی بکات[٦٧].

بەڵام لە هەمان کاتدا ، ئەوەی مایەی پرسیارە ئەوەیە : پارتی گەشەپێدانی تورکمانی بە دوو کورسی ، دەبێت بە گەورەترین فراکسیۆنی پێکهاتەی تورکمان ، بەڵام پۆستی سکرتێری پەرلەمانی کوردستان دەدرێت بە پارتی چاکسازی تورکمان و پۆستی وەزیری کاروباری پێکهاتەکان دەدرێت بە پارتی بەرەی تورکمانی.

لەلایەکی ترەوە ، پارتی بەرەی تورکمانی لای وایە ئەو پارتی سەرەکی و دایکە بۆ پارتەکانی تر و پەیوەندی راستەوخۆی هەیە بە نیشتیمانی دایکەوە، بۆیە لە پێدانی پۆست دەبێت موراعاتی ئەوان بکرێت و ئەوان نوێنەری راستەقینەی گەلی تورکمانن با خاوەنی تاقە کورسییەکیش بن[٦٨]. ئەم

---

[٦٦] وێبسایتی فەرمی کۆمسیۆنی سەربەخۆی هەلبژاردنەکانی عیراق : http://iheciraq.net/cgi-sys/suspendedpage.cgi

[٦٧] دیدار و چاوپێکەوتن لەگەڵ (محمد ئلهانلی ) سەرۆکی پارتی گەشەپێدانی تورکمان ، هەولێر ( ٢٠٢٢/١/١٩)

[٦٨] دیدار لەگەڵ ئایدن مەعروف ، سەرۆکی بەشی هەولێری بەرەی تورکمانی عیراقی، ٢٠٢٢/٢/٩ هەولێر .

جۆره له خیتابه بۆ ئەوه دەگەرێتەوه كه : پارتەكانی تری توركمان له دەنگدانی تایبەت یاخود شوێن و ناوچەگەلێك كه توركمانی لێ نیشتەجێ نین دەنگیان هێناوه ، ئەمەش گومان لەسەر پارتەكانی تری توركمان دروست دەكات كه نوێنەرایەتییەكەیان راستەقینه نیه. به بڕوای محمد فەرید ئەربیلئۆغلو (سەرنوسەری رۆژنامەی تەبا _ كه ئاژانسی تەبا بۆ كاروباری پێكهاتەی توركمان دەریدەكات ) له ئێستادا گەلی توركمانی نەك بووەته دوو ئاراسته وەك ئەوەی ئاماژەمان پێكرد له توێژینەوەكەماندا ( بروانه مۆفەق عادل ، وتاری توركمانەكانی عیراق وەلائییان بۆ كێ هەیه؟ ، پەیمانگای واشنتۆن بۆ لێكۆلینەوەكانی رۆژهەلاتی ناوین) بەڵكو گەلی توركمانی بەسەر سێ ئاراستەدا دابەشبوون :

١. ئارستەی پشتیوانی لێكراو لەلایەن پارته كوردییەكانەوه .

٢. ئاراستەی پشتیوانی لێكراو لەلایەن (نیشتیمانی دایك - بەوتەی خۆیان - توركیا)وه.

٣. ئارستەی دووربوون له سیاسەت و شوناسی نەتەوەیی توركمان و گرنگی دان بەلایەنی ئابوری و بازرگانی و دەرچوون له ململانێی هەردوو ئاراسته و بەرەكه به دوور بوون له پرۆسەی سیاسی لەلایەن گەلی توركمانەوه ، بەبڕوای ئەو كۆتای توركمان لەلایەن پارته كوردییەكانەوه ئیستیغلالكراوه ، ئەمەش بۆته هۆكاری سەرهەڵدانی ئاراستەی سێهەم لەنێو گەلی توركمانیدا[٦٩].

بەشی یەكەم : ئەو كێشه و ئاڵنگارییانەی رووبەرووی نوێنەرایەتی كردنی توركمانەكان دەبێتەوه له پرۆسەی سیاسی له هەرێمی كوردستانی عیراقدا :

١. پێكهاتەكانی هەرێم لەرووی ژماره و قەبارەوه رێژەیان كەم و سنورداره بۆیه كورسی كۆتایان بۆ دانراوه ئەمەش وادەكات به دەنگێكی كەم برۆنه پەرلەمان لەبەرامبەردا كاندیدەكانی تر به چەند هەزار دەنگێك جا بتوانن ، ئەمەش كێشەی شەرعییەت دروست دەكات و لێكەوتەی سایكۆلۆژی دروست دەكات كه نەتوانن نوێنەرایەتی راستەقینەی پێكهاته بكەن.

٢. دابەشبوونی سیاسی هەرێمی كوردستان له واقعدا بەسەر دوو زۆنی سیاسی و سەربازی كاریگەری راستەوخۆی هەیه بەسەر نوێنەرایەتی پێكهاتەكان ، بۆ نمونه ناتوانرێت پێشبینی ئەوه بكرێت نوێنەری پێكهاتەكان له هەولێر و دهۆك پێچەوانەی سیاسەتەكانی پارتی دیموكراتی كوردستان بن له پەرلەمان ، بەهەمان شێوەش نوێنەری پێكهاتەكان له ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی تا ئێستا هەڵوێستی هەمیشه له بەرژەوەندی یەكێتی نیشتیمانی بووه . ( ئەم خاڵه بۆ هەموو پارتەكانی پێكهاتەكان راسته جگه له پارتی بەرەی توركمانی ، بۆ نمونه : بەرەی توركمانی رازی نەبوو وه پاڵپشتی بریاری ریفراندۆمی نەكرد و له دژی وەستایەوه ، ئەمەش رێك پێچەوانه بوو لەگەڵ سیاسەتی پارتی دیموكراتی و هاوئاواز بوونی دەوڵەتی توركیا و نوێنەرایەتی و گەیاندنی دەنگی بەشێك له پێكهاتەی توركمان بوو )

---

٦٩ دیدار لەگەڵ محمد فرید ئەربیلئۆغلو ، سەرنوسەری رۆژنامەی تەبا بۆ كاروباری پێكهاتەی توركمان، ٢٠٢٢/٣/١٩ هەولێر

٣. سیستەمی یەك بازنەیی هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستاندا ، گەرچی یەکێك لە ئیجابیاتەکانی ئەوەیە کە دەنگی هیچ لایەك نافەوتێت لە هەر کام شار بێت، بەڵام کاتێك سیستەم یەك بازنەیی بێت ، دەبێتە دەرفەت بۆ پارتە باڵادەستەکان بۆ دەرچوواندنی نوێنەری خۆیان بۆ پەرلەمان ، ئەمەش وادەکات نوێنەری پێکهاتەکان هەمیشە خۆی بە قەرزاری پارتە باڵادەستەکان بزانێت بۆ دەرچوونی. بۆیە رێواز فایەق (سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان) دەڵێت : خراپبەکارهێنانی نوێنەری پێکهاتەکان هەیە و بەشێك لە نوێنەرانی پێکهاتەکان ئەندامن لە ئۆرگانەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان. (ئەربیلئۆغلو دەڵێت : کێشەی سەرەکی لە نوێنەرایەتی کردنی پێکهاتەی تورکمان ئەوەیە : کە کاندیدی پێکهاتە ئەوەندەی گرنگە پاڵپشتی حیزبێکی باڵادەستی لەپشت بێت گرنگ نییە بۆی کە تاچەندە لەنێو گەلی تورکمانیدا قەبوڵکراوە )

٤. تێروانینی حیزبییانە بۆ سیاسیەت لە دەرەوەی حزبە سیاسییەکانی پێکهاتەکان، واتە یەکدەنگی نەبوونی پێکهاتەکان بۆ ئەوەش دەگەرێتەوە کە بۆ نمونە تورکمان هەیە پارتی یاخود یەکێتی یاخود لە هەر پارتێکی تردایە و قاعیدەی جەماوەری تورکمان دەکرێت خۆی لە پارتێکی جگە لە پارتەکانی پێکهاتەی تورکمان ببینێتەوە[٧٠].

٥. فرەپارتی بوونی پێکهاتەکان ، دەنگی پێکهاتەکانی پەرش و بڵاوکردووە و رادەی نوێنەرایەتی پێکهاتەکانی لاواز کردووە ، هەرچەندە بە بڕوای ئایدن مەعروف وەك چۆن فرەپارتی بوونی کورد ئاساییە بۆ پێکهاتەی تورکمانیش هەمان شێوەیە ، بەڵام دەکرێت رەخنە لەم بەراوردکارییە بگیرێت بە بەڵگەی ئەوەی : فرە پارتی بوونی کورد گەر لە رووی ناوخۆیشەوە گەیەنەری دەنگی جیاواز بێت ، بەڵام لە ئاستی دەرەکیدا و لە پەرلەمانی عیراقدا مافەکانی کوردی خستۆتە خەتەرەوە، سیناریۆی هەبوونی یەك پارتی بەهێزی کوردی لە بەغدا دەکرێت زۆر هاوکێشەی سیاسی بگۆرێت[٧١] .

ئەم هۆکارانە ، وەك هۆکاری سەرەکی هەژمار دەکرێن بۆ لاوازی رادەی نوێنەرایەتی پێکهاتەکان لەلایەن پارتە سیاسییەکانیانەوە بەگشتی و پارتی بەرەی تورکمانی بە تایبەت ، چونکە پارتی بەرەی تورکمانی لەگەڵ ئەوەی کۆنترین پارتی تورکمانییە ، بەڵام چەندین پارتی لێبوەتەوە و جیابوونەوە روویداوە تێیدا، دەکرا گەر ئەو پارتانەی تر لە بەرەکە جودا نەبوونایەوە رادەی نوێنەرایەتی کردنی بەرە بەهێزتر بووایە. بەڵام کاتێك هەڵسەنگاندن بۆ بەشداری سیاسی بەرە دەکەین کە لە هەڵبژاردنی ٢٠١٣ بۆ یەکەمین جار بەشداری هەڵبژاردنەکان دەکات و دەتوانێت کورسی پەرلەمانی مسۆگەر بکات و پاشان لە خولی پێنجەمیشدا لەپاڵ دەستخستنی کورسی پەرلەمانی ئیستیحقاقی وەزیر لە دەسەڵاتی جێبەجێ کردن بەدەست بێنێت، نوێنەرایەتی کردنیان بۆ پێکهاتەکەیان بە شێوەیەکی باش دێتە بەرچاو. لەگەڵ ئەوەدا سەرکردایەتی بەرەی تورکمانی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە کاری ئەوان تەنها نوێنەرایەتی سیاسی تورکمان نییە لە هەرێمدا

---

[٧٠] فرهاد حسن عبداللە, بەشداری پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان لە پرۆسەی سیاسی : کۆسپەکانی بەردەمی و سیناریۆیەکانی ئایندە ، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان ، ٢٠١٩

[٧١] دیدار لەگەڵ محمد فەرید ئەربیلئۆغلو ، سەرنوسەری رۆژنامەی تەبا بۆ کاروباری پێکهاتەی تورکمان ، ٢٠٢٢/٣/١٩ هەولێر

بەڵکو هەموو لایەنەکانی کۆمەڵایەتی و کلتوری و مێژوویی گرنگی پێدەدات و نوێنەرایەتی پێکهاتەکەی دەکات لە ئاستی نێودەوڵەتیدا[٧٢].

بەشی دووهەم : سیناریۆکان و پێشنیارەکان بۆ باشترکردنی رادەی نوێنەرایەتی کردنی پێکهاتەکان

توێژەر بۆ ئەم پرسە جگە لە ڕای ئەکادیمیستەکان ، ڕای خودی پێکهاتەکە و پارتەکانی پێکهاتەکانیش دەخاتە روو :

مونا قەهوەچی (سکرتێری پەرلەمانی کوردستان) و (جێگری سەرۆکی پارتی چاکسازی تورکمان ) : بۆ باشترکردنی نوێنەراتی پارتەکانی تورکمان بۆ پێکهاتەی تورکمان ئەوەیە کە شەراکەتی حەقیقی دەستەبەر بکرێت لە هەموو موئەسەساتەکان چی لە سەرۆکایەتی هەرێم و چی لەسەرۆکایەتی حکومەت و چی لەسەرۆکایەتی پەرلەمان. واتە کەی بەشداری پێکهاتەکان لە دەسەڵاتەکاندا زیاتر بکرێت نوێنەرایەتی کردنی تورکمان بەهێزتر و باشتر دەبێت، بۆیە پێشنیار دەکەین کە جێگرێکی سەرۆکی هەرێم و پۆستەکانی تری سەرۆکایەتی هەرێم بە پێکهاتەی تورکمان بدرێت وەك مافی خۆیان و بەرکەوتەی نەتەوەیی نەك بەرکەوتەی سیاسی[٧٣].

ئایدن مەعروف ( وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێکهاتەکان ) و ( سەرۆکی بەشی هەولێری پارتی بەرەی تورکمانی عیراقی) ، زیادکردنی پۆستی جێگری سەرۆکی هەرێم بۆ تورکمانەکان بۆ هەنگاوی باشترکردنی دۆخی نوێنەرایەتی کردنی تورکمان دەزانێت ، لەهەمان کاتدا رێگاچارەگەلی وەك (هەبوونی تۆماری دەنگدانی تایبەت بە تورکمان) و (سندوقی تایبەت) و (هەڵبژاردن بە یەکبازنەیی) بە چارەسەر دەزانێت[٧٤].

محمد فەرید ئەربیلئۆغلو (سەرنوسەری رۆژنامەی تەبا بۆ کاروباری پێکهاتەی تورکمان) لای وایە : ( دوو بەرە بوونی پارتەکانی تورکمانی و دابەشبوونیان ئاڵنگارییە لەبەردەم نوێنەرایەتی تورکمان و لاوازی کردووە) ئەو لای وایە کە ئەم دابەشبوونە لەبەر هۆکاری ماددیە ، چونکە پارتەکان پێویستییان بە پاڵپشتی دارایی هەیە بۆیە ناچارن روو لەبەرەیەك بکەن ، بۆیە گەر ئێمە بمانەوێت نوێنەرایەتی تورکمان بەهێزتربکەین لە پرۆسە و کایەی سیاسیدا، پێویست دەکات حکومەت بودجەی تایبەتمەند بۆ پارتە تورکمانییەکان دابنێت تا پارتەکان بەسەر هیچ بەرەیەکدا دابەش نەبن و نوێنەرایەتی خۆیان بە شێوەیەکی گونجاو پێ بکرێت .

*سیناریۆکان :

[٧٢] دیدار لەگەڵ ئایدن مەعروف ، سەرۆکی بەشی هەولێری بەرەی تورکمانی عیراقی، ٢٠٢٢/٢/٩ هەولێر
[٧٣] دیدار لەگەڵ مونا قەهوەچی ، سکرتێری پەرلەمانی کوردستان و جێگری سەرۆکی پارتی چاکسازی تورکمان (٢٣ /٢٠٢٢/١) هەولێر
[٧٤] دیدار لەگەڵ ئایدن مەعروف ، سەرۆکی بەشی هەولێری بەرەی تورکمانی عیراقی، ٢٠٢٢/٢/٩ هەولێر

- سیناریۆی یەکەم : جیاکردنەوەی لیستی دەنگدەرانی پێکهاتەکان لە کۆی تۆماری دەنگدەرانی هەرێمی کوردستان، بۆ ئەوەی کەسێك کە لە پێکهاتەکان نەبێت دەنگ نەدات بە کاندیدی پێکهاتەکان و ئاراستە نەکرێن لەلایەن پارتەکانەوە.

- سیناریۆی دووهەم : جیاکردنەوەی بنکەی دەنگدانی تایبەت بە پێکهاتەکان لەو شوێنانەی کە زۆرینەی دانیشتوانی لە پێکهاتەکانن.

- سیناریۆی سێهەم : هەموارکردنەوەی یاسای هەڵبژاردنەکان بۆ گۆرینی سیستەمی یەك بازنەیی بە فرەبازنەیی ، واتە : دانیشتوانی پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان کە کەوتونەتە سنوری هەولێر و دهۆك وادەکات کورسی تەرخانکراو بۆ ئەوان بێت.

- سیناریۆی چوارەم : ئەندامانی پەرلەمان لە پێکهاتەکان تەنها گوزارشت لە ئیرادەی پێکهاتەکانی خۆیان بکەن و مافی دەنگدان بە پرۆژەیەك نەبێت کە پەیوەندی بە پێکهاتەکەیانەوە نەبێت ، بە تایبەتیتریش لەو پرسانەی کە رەنگە ناکۆی لایەنە سیاسییەکان رەنگە بگاتە بنبەست. ( ئەمە سیناریۆیێکی نادیموکراسیانەیە)

- سیناریۆی پێنجەم : کەمکردنەوەی کورسی کۆتای تەرخانکراو بۆ پێکهاتەکان بۆ ئەوەی کورسیەکان لە ئاستێکدا بن کە لە پرۆسەی سیاسی و پێکهێنانی حکومەت و یاسا تێپەراندن هەوڵی کۆنترۆڵکردنی نەدرێت[٧٥]. بەڵام بە شێوەیەکی گشتیتر ئەتوانین بڵێین کە نوسینەوەی دەستور دەرفەتێکی گونجاوە بۆ پێداگری کردن لەسەر مافی پێکهاتەکان و جەختکردنەوەی لە نوێنەرایەتی سیاسی بۆیان.

## دەرەنجام

١. پێکهاتەکان بەشێکی جیانەکراوەی گەلی عیراق و کوردستانن و پاشخانی مێژوویان هەیە و ئێرە نیشتمانی رەسەنی بەشێك لە پێکهاتەکان بووە لەگەڵ گەلانی تردا لە نیشتیمانی عیراق و کوردستاندا ئاوێتەبوون، پێکەوەژیان و پێکەوەهەڵکردن لەنێوان پێکهاتەکان و گەلی زۆرینە بە ئاشکرا لە هەرێمی کوردستاندا دەبینرێت.

٢. دیاریکردنی سیستەمی کۆتا و دیارکردنی یازدە کورسی بۆ پێکهاتەکان (بەهەموو کەموکورتی و رەخنەکانیشەوە کە لێی دەگیرێت) هەنگاوێکی دیموکراسییانە بووە بۆ پرۆسەی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا و کارێکە کە لەگەڵ جاڕنامە و بنەماکانی مافەکانی مرۆڤ و یاسا نێودەوڵەتییەکاندا گونجاوە و هۆکارێکی پاڵپشتیکەریشە بۆ قوڵبوونەوەی پرۆسەی پێکەوەژیان لەنێو کۆمەڵگادا و نەهێشتنی جیاکەری نەتەوەیی و رەگەزی.

[٧٥] فرهاد حسن عبدالله, بەشداری پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان لە پرۆسەی سیاسی : کۆسپەکانی بەردەمی و سیناریۆیەکانی ئایندە ، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان ، ٢٠١٩

٣. هەرچەندە هەرێمی کوردستان فۆرمی ئەزموونێکی دیار و روونی نییە لە پرسی مامەڵەکردن لەگەڵ پێکهاتەکاندا ، بەڵام مافی پێکهاتەکان لە هەرێمی کوردستاندا بە یاسا رێکخراوە و مافە سیاسی و کلتوری و کۆمەڵایەتی و پەروەردەییەکانیان لە یاساکاندا بۆ دیاریکراوە و پەرلەمانی کوردستان چەندین یاسای پەیوەست بە مافی پێکهاتەکان دەرکردووە.

٤. پێکهاتەی تورکمان لە هەرێمی کوردستاندا مێژوویەکی قوڵییان هەیە و شوناسیان وابەستەیە بە نیشتمانی کوردستانەوە، بۆ پارێزگاری لە پێکهاتەکەشیان چەندین پارتی سیاسییان دامەزراندووە و خەباتی سیاسییان کردووە و بەشێك لە پارتە سیاسیەکانی تورکمان توانیویانە بەرزببنەوە بۆ پەرلەمان و کورسی پەرلەمانی و پۆستی وزاری و سیادی بەدەست بێنن.

٥. پارتی بەرەی تورکمانی ( کە باسی توێژینەوەکەیە) بە کۆنترین پارتی تورکمانی دادەنرێت و گەورەترین پارتی تورکمانییە لە عیراقدا، لە هەولێر راگەیاندراوە و تا ئێستاش لە کار و چالاکییەکانی بەردەوامە.

٥. پەیوەندییە دەرەکییەکانی پارتە تورکمانییەکان، نوێنەرایەتی کردنی پێکهاتەی تورکمانیان توشی چەند ئاڵنگارییێك کردووە و کاریگەری راستەوخۆیان هەبووە ، هەرچەندە بەلای بنکەی جەماوەری تورکمانەوە ئەمە بە کارێکی پەسەند دەزانرێت چونکە ئەوان لایان وایە وەکو چۆن ئاساییە کوردێك هاوسۆز بێت لەگەڵ کوردانی کۆبانێ کە لە وڵاتێکی ترن، بەهەمان شێوەش ئاساییە تورکیا کە نیشتیمانی دایکی ئەوانە ، هاوسۆز بێت لەگەڵ تورکمانەکانی کوردستان و عیراق. کەواتە بوونی ئەم پەیوەندییە بە ئیجابی دەخوێندرێتەوە، بەتایبەتی تریش کە بەرەی تورکمانی ئەو پەیوەندییەی خۆی بۆ رایی کردنی کاروباری تورکمانەکان بەکار دەهێنێت.

٦. پارتی بەرەی تورکمانی بەشداری دوو هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانی کردووە ، لەهەردوو هەڵبژاردندا توانیویەتی کورسی پەرلەمانی بەدەست بێنێت، سەرکردەکانی بەرەی تورکمانی دەڵێن ئێمە گەر دەنگەکانیشمان کەم بن، بەڵام راستەقینە و حەقیقین و دەنگی تورکمانی رەسەنە، بۆیە پارتەکەمان ماوەی ٢٧ ساڵە بەردەوامە .

٧. کەمی ژمارە و قەبارە و دابەشبوونی سیاسی هەرێمی کوردستان و سیستەمی یەك بازنەیی و فرەپارتی بوونی پێکهاتەی تورکمانی ، لەو کێشانەن کە رووبەرووی نوێنەرایەتی سیاسی پێکهاتەی تورکمان دەبێتەوە لەلایەن پارتە سیاسییەکانیان.

٨. بۆ باشترکردنی دۆخی نوێنەرایەتی پێکهاتەکان چەندین چارەسەر و سیناریۆمان خستە روو : لە گرنگترینیان نوخبەی سیاسی تورکمان لایان وایە کە بەشداری پێکردنی تورکمان لە دامەزراوەکانی حکومەت رۆڵی نوێنەرایەتی بەهێزتر دەکات و شەراکەتی حەقیقی فەراهەم دەکات، سیناریۆی جیاکردنەوەی لیستی تۆماری دەنگدەران و بنکەی دەنگدان و چەندین سیناریۆی تر بەردەستن بۆ گەنگەشە لەسەر کردنیان.

## ليستی سەرچاوەكان


*سەرچاوە ئینگلیزییەكان :

1. ئینسكلۆپیدیای زانستە كۆمەڵایەتییەكان
https://www.sciencedirect.com/referencework/9780080430768/international-encyclopedia-of-the-social-and-behavioral-sciences
2. Van wilgenburg, wladimir and mario fumerton , (kurdistan political armies) the challenge of unifyng the peshmarga forces, ( carnegie middle east center ), (2015)
3. https://www.britannica.com/topic/minority موسوعة بريتانيكا
4. مۆفەق عادل عومەر ، ئینتیمای پارتە توركمانییەكانی عیراق بۆ كێیە ؟ ، پەیمانگای واشتنۆن بۆ لێكۆلینەوەی سیاسیەتی رۆژهەڵاتی ناوین
https://www.washingtoninstitute.org/policy-analysis/whom-do-iraqs-turkmen-parties-serve

*المصادر العربية :

(الكتب)

١. سعد سلوم ، الاقليات فى العراق . مؤسسه مسارات للتنميه الثقافية و الاعلامية . ٢٠١٣
٢. محمد عاشور مهدى، التعددية الاثنية إدارة الصراعات و استراتيجيات التسوية، القاهرة، المركز العلمي للدراسات السياسية ٢٠١٢
٣. اميد جوزلى ، الترك و التركمان فى اربيل ، مكتبة التفسير ٢٠١٨ اربيل
٤. نجات كوثر اغلو ، شهداء العراق ، دار الحكمة ، ٢٠١٩ لندن
٥. حسين سوزلو ، مجمع المؤلفين التركمان ، مكتبة امير ، ٢٠٢١ كركوك
٦. منى يوحنا ياقوت ، حقوق الاقليات القوميه فى القانون الدولى العام ، مطبعة شهاب ٢٠٠٩ اربيل
٧. ريبوار عبدالرحيم بابكى ، النطام العالمى الجديد و قضايا القوميات فى شرق الاوسط ، مطبعة الثقافة ، ٢٠١١ اربيل

(المواقع)

٨. موفق محمد , فهوم الأقلية . وتعريفها في المواثيق الدولية، الحوار المتمدن، ( ٢٠١٦ / ١٠ / ٢٨)، العدد: ٣١٦٨ . على الموقع :
http://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=233349
٩. فارس الخطاب، الأقليات الدينية والعرقية في المعادلة السياسية العراقية، مركز الجزيرة للدراسات، على موقع الجزيرة؛ (٢٠٢٢/١/٢٠)
https://studies.aljazeera.net/ar/article/4691?fbclid=IwAR0fO9Uf_vgWDawzuCDG--hIgz6jV_GZzwjybg0QCHy-2rv92TCtapoPt7I
١٠. زاهد البياتى ، التركمان ثالث الجماعات العرقية فى العراق ، موقع بيزتوركمنيز (٢٠٢٢/١/١٩)
http://www.bizturkmeniz.com/ar/index.php?page=article&id=31046
١١. زاهر البيك ، المجلس التركي يتحول إلى "منظمة الدول التركية".. ما أهميتها وأهدافها ، الجزيره نت،٢٠٢١/١١/١٥
https://www.aljazeera.net/news/politics/2021/11/15
١٢. روج نيوز- مركز الاخبار، موقع الأقليات في برلمان الإقليم ، موقع روز نيوز ، ٢٠٢٢/١/٢١ https://rojnews.news/ar/ /

*سەرچاوە کوردییەکان :
(توێژینەوەکان ) :
١. فرهاد حسن عبدالله, بەشداری پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان لە پرۆسەی سیاسی : کۆسپەکانی بەردەمی و سیناریۆیەکانی ئاینده ، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان ، ٢٠١٩
٢. تیمی گەنجان و رۆژنامەنووسان لە رێکخراوی ئاشتی و ئازادی بەهاوکاری رێکخراوی (PAX)ی هۆڵەندی, (کەمینەکان و کێشەی زەوی و زار! مەسیحییەکانی هەرێمی کوردستان بە نموونە) ، راپۆرتێکی مەیدانی لەبارەی کێشەی زەوی و زار لە دۆڵی ناڵا"نەهلە"
https://www.pfo-ku.org/index.php/wtar-drasat/79-
(دیدار و چاوپێکەوتن)
٣. مەریوان نەقشبەندی ، وتەبێژی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی حکومەتی هەرێمی کوردستان - ( ٢٠٢٢/١/٢٢) دیدار و چاوپێکەوتن - هەولێر
٤. بڕوا بۆسکورت - وتەبێژی نوسینگەی وەزیری کاروباری پێکهاتەکان و فەرمانبەری راسپێردراوی وەزیری پێکهاتەکان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان -٢٠٢١/١٠/٣١ - دیدار و چاوپێکەوتن - هەولێر
٥. ئیسماعیل خورماڵی (کۆمسیار )، (٢٠٢٢/١/١٥) دیدار و چاوپێکەوتن - هەولێر
٦. هونەر گردەسۆری ، مامۆستا لە کۆلێژی ئاداب - بەشی مێژوو ، زانکۆی صەلاحەدین (٢٠٢٢/١/٢٣) دیدار و چاوپێکەوتن
٧. محمد ئلهانلی، سەرۆکی پارتی گەشەپێدانی تورکمان ، ( ٢٠٢٢/١/١٩) دیدار و چاوپێکەوتن - هەولێر
٨. مونا قەهوەچی ، سکرتێری پەرلەمانی کوردستان و جێگری سەرۆکی پارتی چاکسازی تورکمان (٢٣ /٢٠٢٢/١) دیدار و چاوپێکەوتن - هەولێر
٩. اندی سولاقا صلیوا ، جێگری بەرپرسی نوسینگەی وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێکهاتەکان، ٢٠٢٢/٣/٢٠ دیدار و چاوپێکەوتن هەولێر
١٠. محمد فرید ئەربیلئۆغلو ، سەرنوسەری رۆژنامەی تەبا بۆ کاروباری پێکهاتەی تورکمان، ٢٠٢٢/٣/١٩ دیدار و چاوپێکەوتن - هەولێر

(ڕۆژنامەکان)
١١. عبدالسلام هیشام ،( ئاڵای تورکمان چۆن دروست بوو؟) ڕۆژنامەی تەبا ، ژمارە ٧٣ ،هەولێر، ١٥ی تەمموزی ٢٠٢١
(وێبسایت و ماڵپەرەکانی ئینتەرنێت)
١٢. محمد رؤوف, پێکهاتەکان: لەنێوان مەرامی سیاسیو پەراوێزخستندا ، ماڵپەری درەو ،(٢٠٢٢٩/١/١٧)
https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=8504&fbclid=IwAR0eGtTWHD3Z3Rm7x2HGBTqnKgWlhiz75BgqJfx4JMTh_zjmUkM6bqR4vTo
١٣. رێبین فەتاح ، کەمینەکان لە پرۆسەی سیاسیی هەرێمی کوردستاندا، وێبسایتی وشە (٢٠١٧/٢/٢٦)
http://www.wishe.net/details.aspx?=hewal&jmare=11326&Jor=8
١٤. پرۆژەیاساکان ٢٠١٧ وێبسایتی فەرمی پەرلەمانی کوردستان
https://www.parliament.krd
١٥ . وێبسایتی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستان :
(/https://gov.krd/arabic/government/the-cabinet
١٦. وێبسایتی فەرمی کۆمسیۆنی سەربەخۆی هەلبژاردنەکانی عیراق :
http://iheciraq.net/cgi-sys/suspendedpage.cgi